تەسهیل

لە جوان خوێندنەوەی قورئاندا

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی شێخ
أحمد خورشيد رؤوف

وەرگێرانی
أحمد محمود مصطفى حمه سعيد

چاپی یەکەم

1431 ك ـ 2010 ز

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی چاپی چوارەم

الحمدلله رب العالمين ، والصلاة والسلام على سيد الاولياء والمرسلين و على اله وصحبه اجمعين .

به یارمەتی خوای گەورە هەرسێ چاپی پێشوو لە پەرتووکی (التسهيل فى تجويد التنزيل) لە بازاردا نەما لە ماوەیەکی کورتدا و تەواو بوو بۆیە پێویست بوو پێیدا بچمەوە تا بە شێوەیەکی چاکتروجوانتر و رەنگاو رەنگ لە گەڵ (المقدمة الجزرية) بگاتە دەستی خوێنەرانی .

داوا لە خوای باڵادەست و بە دیهێنەری ئەرزو ئاسمانەکان و بەخشندەو بە عیزەت دەکەم کە هەرکەس خوێندیەوە سوودی لێوەرگرێت ، هەر خوای گەورە خۆی بیسەرو وەڵام دەرەوەیە

خزمەت کاری قورئان
خوێنەری ڕێپێدراو بە (القراءات العشر)
احمد خورشيد رؤوف
1428 ك- 2007ز

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی چاپی یەکەم

الحمدلله رب العالمين ، والصلاة والسلام على اشرف المرسلين سيدنا محمد (ﷺ) و على اله وصحبه اجمعين .

لە هەموو هونەرێکدا تازە گەری هەیە ، تا لە هونەری تەجویدیشدا ، پیاوانی بە ئەزموون لەم هونەرەدا توانیویانە بە شێوەیەکی ئاسانتر بینوسنەوەو شیبکەنەوە ، ڕێگە نوێیەکان دوورە لە ئاڵۆزکردن و هێماکاری و یاسا ناروونەکان کە مێشکی فێرخواز ماندوو دەکات . ئەمەش لەبەرئەوەی تا بە ئاسانی ئەم هونەرە جوانە تێبگات

بۆیە منیش لە کتێبەکانی پێشەوایان و نامیلکەکانی پاشینەکان نامیلکەیەکتان بۆ هەڵدەگۆزم لە زانستی جوان خوێندنەوەی قورئان بە پێی گێرانەوەی حفص کە لەبەر کردنی ئاسانە ، بە ڕێگەی پرسیارو وەڵام دەیخەمە روو . بە ڕێگەیەکی ئاسان و نزیککراوە کە پرە لە نموونەو وێنەی روونکردنەوە ، بۆ نزیك کردنەوەی پرسیارەکان لە بیرو هۆش و نەهێلانی هەر گرانیەك لە یاساکان بۆ زیاتر روونکردنەوەو ئاسان تێگەیشتنی خوێنەرانی .

ناویشم ناوە (التسهيل فى تجويد التنزيل) داوا لە خوای بەخشندە دەکەم لە بەرخاتری پێغەمبەرە بەرێزەکەی تەنها لەبەر خاتری خۆی بێت و هەرکەسیش خوێندیەوە بە دڵێکی پاکەوە سوودی پێگەیەنێت .

داوا لەو کەسانە دەکەم کە سوودی لێدەبینن بپارێنەوە لە خوای گەورە بۆ خۆمان و شێخەکانمان . و صلى الله على سيدنا محمد و على اله وصحبه وسلم .

خزمەت کاری قورئان

احمد خورشید رؤوف

1422ك – 2001ز

پیاچونەوەی شێخی بەرێز
أبو عبدالله دلێر احمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين ، والصلاة والسلام على خير خلق الله محمد ﷺ .
پاش خوێندنوەو پیاچونەوەم بۆ هەوڵ و ماندوو بوونی مامۆستای بەرێز (أحمد خورشيد رؤوف) لە کتێبی (التسهيل فى تجويد التنزيل) بۆ جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ، وام بینی کە تێرو پوختە لەو زانستە بۆ قوتابیانی قورئانی پیرۆزو ئەوەی گرنگە لەبیری نەکردوەو هێناویەتی هەروەها پاراستویەتی لە هەر درێژەپێدانێکی بێسوود ، وەکاملێییش تەنها بۆ کتابی خوایە .

خزمەت کاری قورئان
ابو عبدالله دلێر أحمد
ڕێپێدراو لە
(القراءات العشر من طريقي الشاطبية والطيبة)
1431ك --- 2010 ز

پیاچونەوەی بەرێز شێخ
حقی علی غنی

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەمینەتی خۆی بەم قورئانە پڕبایەخە بەسەرماندا رشاندوە و کردوویەتی بە ڕووناکی و شیفای دڵەکانمان کە لە هەموو پیتەکاندا نهێنیەکی لە نهێنیەکانی خۆی تیادا شاردۆتەوە کە خوا ویست و خوا ناسەکان هەستی پێدەکەن ، هەموو ئەم نهێنیانە و بەرەکاتانی لە (بسملە) دا کۆکردۆتەوە سوپاسێك ئەوەندەی بەخشندەیەکەی و بەرانبەر زیادیەکانی صەلات و سەلامی خوای گەورە بڕشێت بەسەر بەرێزمان و تکاکارمان محمد ﷺ کە فەرموویەتی (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ) [1] واتە باشترین کەستان ئەوانەن کە قورئان فێر دەبن و کەسانی تریش فێر دەکەن)

لە پاشدا :-

دوای سەیرکردن و پیاچونەوەم بە هەوڵی برای بەرێز (احمد خورشید رؤوف) لە نامیلکە جوانە بە سوودەکەیدا لە سەر جوان خوێندنەوەی قورئان کە ناوی ناوە (التسهیل فی تجوید التنزیل) بینیم کە کورت و بە سوودە بۆ قوتابی ئەم زانستەو خوێنەرانی کتێبی خوای گەورە . ئەم کۆکراوە کورتەی لە خۆگرتووە ، فێرخوازی سەرەتاو کۆتا لێی نائومێد نابێت خوای گەورە باشترین پاداشتی بداتەوە

خزمەت کاری قورئان

حقی علی غنی

پێش نوێژو ووتار خوێنی مزگەوتی النور الکبیر لە

کەرکوك

1422 ك- 2001ز

---

[1] رواه البخاري

پیاچونەوەی بەرێز شێخ
عبداللطیف خلیل خضر الصوفی

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدلله رب العالمین ، والصلاة والسلام علی سید والمرسلین محمد الامین و علی اله وصحبه اجمعین .

لە پاشدا :-

لە نامیلکەی (التسهیل فی تجوید التنزیل) لە زانستی جوان خوێندنەوەی قورئان بە گێرانەوەی (حفص بن سلیمان بن المغیره الکوفی) لە (عاصم بن ابی النجود الکوفی التابعی) ووردبوومەوە .

کە خزمەت کاری قورئان (احمد خورشید رؤوف) کۆی کردوەتەوەو ئامادەی کردوە بە رێگەیەکی سادەو ئاسان و روون ، بەراستی ئاسان و سادەیە بە نموونەو وێنە روونەکانیەوە کە بەشەکانی لە بیر و هۆش نزیك دەکاتەوە و سوودی زۆری کۆکراوەی تیادایە لە بابەتە گرنگەکانیدا کە فێرخوازانی ئەم زانستە گرنگە سوودی لێدەبینن تا یاساکانی جوان خوێندنەوە فێربن .

ئەم نامەیە سوودی زۆری لەم زانستە لە نێوان هەردوو بەرگەکەیدا تیادایە ، ئەوەندە ماوەتەوە کە پیرۆز بایی ئەم هەوڵە بەسوودەی لێبکەم بۆ خزمەت کردنی کتێبەکەی خوای خۆشەویست و سوپاس کراو خوا یارمەتی بدات .

دوا پارانەوەمان سوپاسی خوای خاوەن جهانیان (العالمین) دەکەین

خزمەت کاری قورئان و کەسانی

خوێنەری رێپێدراو بە (القراءات العشر)

عبداللطیف خلیل خضر الصوفی

الموصل

1422ك – 2001 ز

پیاچونەوەی شێخی بەرێز
ولید سالم ذنون الحمدانی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين ، والصلاة والسلام على افضل والمرسلين سيدنا محمد و على اله وصحبه اجمعين .

دوای سەیرکردن و پیاچونەوەم بە هەوڵی برای بەرێز (احمد خورشید رؤوف) لە کتابی (التسهیل فی تجوید التنزیل)لە یاسا بریاردراوەکانی جوان خوێندنەوەی قورئان ، کتێبەکە گشت گیرە بۆ ئەم یاسایانە و هونەرە پیرۆزە ، کە بەرێگەیەکی ئاسان و سادەو روون نوسراوە و بەسودە بۆ خوێنەرانی سەرەتا و قوتابیانی ئەم زانستە .

داوا لە خوای گەورە دەکەم کە برای بەرێز احمد دەستگیرۆی بکات بۆ خزمەت کردنی کتابە پیرۆزەکەی و بمان پارێزێ لە هەموو بەڵایەك و خۆمان و باوانمان و شێخەکانمان و خۆشەویستانمان تەندروست و سەرفراز بکات و لێخۆش بوون و رەحمەت و چاکەی خۆیمان بەسەردا برێژێت وە ئەم کارەی برای بەرێز احمد کردوویەتی بیکاتە ترازووی چاکەکانیەوە لە رۆژی دوایدا ، سوپاس و ستایش بۆ خودای باڵا دەست لە سەرەتاو کۆتایدا کە فەرمویەتی﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَقَالَ إِنَّنِى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿٣٣﴾ ﴾ فصلت: ٣٣ .

صلى الله على سيدى وقرة عينى محمد و على اله وصحبه أجمعين .

دوا پارانەوەمان سوپاسی خوای خاوەن گێتیەکان (العالمين) دەکەین

خزمەت کاری قورئانی پیرۆز و کەسانی
تکاکاری لێخۆش بوونی خواو هەژاری رەحمەتەکەی
خوێنەری رێپێدراو بە (القراءات العشر)
ولید سالم ذنون الحمدانی
1422 ك --- 2001 ز

ڕێنمایە تایبەتیەکان بۆ فێرخوازی تەجوید

مەبەست لە فێربوونی تەجوید راستکردنەوەی دەربڕینی پیتەکانە لە لای مرۆڤە ، قۆناغی یەکەمی خوێندنەوەیە ، کە بەبێ بوونی خوێندنەوەی مرۆڤ راست نابێتەوە ، نە لە نوێژداو نە لە خوێندنەوەی تردا ، ئەگەر توانای دەربڕینی قورئانی هەبوو و کەم گرنگی پێدا لە جێبە جێکردن و خۆ راهێنان لە سەری پاشان کەوتە گۆرانکاری و هەڵە وە تاوان بار دەبێت ، چونکە خوێندنی قورئان لە نوێژدا واجبە ، نوێژکردن خۆشی واجبە ، هەروەها واجبە لە سەر هەموو موسوڵمانێك کە نوێژکردنەکەی راست کاتەوە و سیفەتەکانی فێر بێت تا بەتەواوی جێبە جێی بکات ، بۆیە واجبە لە سەری کە خوێندنەوەکەی راست بکاتەوەو سیفەتەکانی فێر بێت تا بەتەواوی خوێندنەوەکەی باش بکات وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ خوێندویەتیەوە

لە قۆناغی یەکەمدا : – دەبێ وردکار بێ لە (دەرچەی پیتەکان) و زمانی لە سەر رابهێنێت و سیفاتەکانی لە دەربریندا جێبەجێ بکات کە بە هۆی ئەم دەرچەو سیفەتانەوە جیاوازی نێوان پیتەکان دێتە دی .

بەڵام لە قۆناغی دووەمدا :– پەیوەستە بە روونی وپاراوی دەربڕینەوە ، بە هێنانەدی ئەحکامی پیتەکان کە راستی دەربڕینەکانان لە سەری ناوەستێت ، بەڵکو پەیوەستە بە چاکتر کردنی دەربڕینەکان و پاراویانەوە وەك تێهەڵکێش کردن و شاردنەوەو هەڵگەرانەوەو درێژکردنەوەو ناسکردنەوەو قەڵەو کردن .

لە قۆناغی کۆتایشدا : – کە قۆناغی وردکاران و شارەزایانە ئەوانەی ئەم فەرموودەیە دەیانگرێتەوە (الماهِرُ بالقُرانِ مَعَ السَّفَرَةِ الكِرامِ البَرَرَةِ واتە شارەزا لە خوێندنەوەی قورئان لە گەڵ فریشتە بەرێزو چاکەکارەکاندایە) ئەمەش بەزانینی وەستانەکان و خووگرتنە بە دەربرینەکانەوە ، کەنابێت بە خوو بە خۆراهێنان و رەچاوکردنی ماناکان و راڤەکردن و وردکاریان نە بێت .

ئەوەی یارمەتیمان دەدات کە وردکارو لێزان بین لە خوێندنەوەی قورئاندا :

لێکۆڵینەوەمانە لە یاساکانی خوێندنەوە و زانینیانە لە سەرەتادا ، پاشان جێبەجێ کردنیان ئاسانە ، بەسە بۆ قوتابی لێزان لە یاساکانی تەجوید و خوێندنەوەدا کە بە سەر دە ئایەتدا جێبەجێیان بکات ، پاشان ماوەیەك بەسەر بەرێت بۆ جێبەجێ کردنی بە ئایەتەکانی تردا وەك دە ئایەتەکە ، زمانی خووگری بە تەجویدەوە دەست

دەکەوێت ، بەڵام خۆراهێنان و تەمرینی بەردەوام لە هەمووی گرنگ تره بۆ خووگری بە تەجویدەوە و لێزانیت لە خوێندنەوەدا دەست بکەوێت . ئبن و جەزەری دەفەرموێ

ولیس بینه وبین ترکه   الا ریاضة امرئ بفکه

خۆ راهێنانیش به سێ شێوە دەبێت :-

1- پێش هەموو شت خوێندنەوەی قورئان لە لای مامۆستایەکی شارەزاو وەرگرتنی خوێندن لە سەر زبانی مامۆستایەکی پسپۆر و راستکردنەوەی هەڵەکان بە کرداری ببیسترێ و ببینرێ .

2- زۆر گوێگرتن لە خوێندنەوەی راست ، لە خوێنەرێکی لێزانی تەجوید تا گوێی لێبگریت و لە گەڵ گوێگرتنیشدا سەیری قورئانەکە بکەیت بە بەکارهێنانی کاسێت یان CD بە شێوەیەکی بەردەوام .

پێویستە شارەزابیت لە یاساو رێساکان کە لەم پەرتووکە یان هەر پەرتوکێکی تر کە باس لە یاساکانی تەجوید بکات هاتبێت ، قوتابی دەبێت نموونەکانی بە چاوببینێت و بە گوێ لە دەمی لێزانێکەوە ببیستێت چونکە بە نموونە چۆنیەتیەکان روون دەبێتەوە ئەمەیە یاساکانی جێبەجێکردن و چۆنیەتی گفتوگۆ کردن .

3- زۆر وتنەوە و خۆراهێنان لە سەری هەوڵی راست دەربڕین و راستکردنەوەی زمان و جێبەجێ کردنی یاساکانە .

پێشەکیەکان لە بارەی زانستی
جوان خوێندنەوەی قورئانەوە(التجويد)

پ/ زانستی تەجوید چییە ؟

و/ لە زمانەوانیدا : چاککردن .

لە زاراوەدا : هەموو پیتێك ماف (حقه[1]) و دەرە مافەکانی(مستحقه[2]) بدرێتێ لە سیفات و درێژکردنەوەکان جگە لەمانەش نەرم و ناسك (الترقيق) و قەڵەو (تفخيم) کردنەوە .... وە هەروەها .

پ/ ئامانجی تەجوید چییە ؟

و/ گەیشتنە ئەوپەری راست دەربڕینی ووشەکانی قورئانە وەك چۆن لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بیسراوەو وەرگیراوە ، وتراویشە پاراستنی زمانە لە هەڵە کردن لە خوێندنەوەی قورئاندا .

پ/ گرنگی چییە ؟ هەندێ بە بەشێك لە زانستی شرعی (العلوم الشرعيه) دایان ناوە بەڵکو گرنگ ترین زانستە چونکە پەیوەستە بە ووتەی خوای گەورەوە ، زانینی خوێندنەوەو راست دەربڕینی پیتەکان مایەی بە ئەنجام گەیاندنی نوێژە بە تەواوی کە یەکێکە لە روکنەکانی ئیسلام .

پ/ حوکمی فێربوونی چییە ؟

و/ حوکمی فێربوونی تەجوید : فەرضیکی کیفایەیە ئەگەر هەندێك پێی هەستان لەسەر ئەوانی تر دەکەوێت .

پ/ حوکمی کارکردن بە تەجوید : فەرضیکی دیاری کراوە (العين)ە لە سەر هەموو موسوڵمانێکی پێگەیشتووی قورئان زان . امامی ئبن و جەزەری دەفەرموێ :

والاخذُ باتجويد حتمٌ لازم	من لم يصحح القران اثم
لانـــــه به الاله انــــــزلا	وهكذا منه الينـــا وصلا
وهو ايضا حليـــة التلاوة	وزينـــــة الاداء والقراءة

پ/ ئەو رێگەیە کە ئەم زانستەی پێوەر دەگیرێت کامەیە ؟

و/ وەرگرتنی ئەم زانستە لە دەمی زانایانەوە بە رێگەی خوێندنەوەو جێبەجێکردن .

---

(1) مافی پیت / دەرچوونی پیتە لە دەرچەکەیەوە بە سیفەتە خۆییەکانیەوە کە لە پیتەکە جیانابێتەوە وەك ئاشکرا کردن و توندی

(2) دەرە مافی پیت (مستحق حرف) / دانی سیفەتە توشهاتوو(صفاته العارضة)ە کانی پیتە وەك نەرم و ناسك (الترقيق) و قەڵەو (تفخيم) کردنەوە

هەڵە خوێندنەوە(أللحن) و جۆرەکانی

پ/ هەڵە خوێندنەوە چییە ؟

و/ خوێندنەوەی قورئانە بە شێوەیەکی هەڵە یان لادانە لە خوێندنەوەیەکی راست .

پ/ هەڵە خوێندنەوە چەند جۆری هەیە ؟

و/ دوو جۆری هەیە .

1- هەڵەی ئاشکرا : - ئەو هەڵەیە کە لە وتراودا روو دەدات و خوێندنەوە تێك دەدات ، زانین و ناسینەوەی ئەم هەڵەیە زانایانی خوێندنەوە (القراءات)کان و کەسانی تریش هەستی پێدەکەن . ئەم هەڵەیە جاری وایە بە گۆرینی پیتێك روو دەدات وەك گۆرینی (طاء بە دال) کە لکان و بەرزکردنەوەی زمان تیایدا وازی لێدەهێنرێت . یان گۆرینی حرکەیەك بە حرەکەیەکی تر وەك گۆرینی ضە مە بە فەتحە لە ووشەی (الحمدُ) ئەم جۆرە هەڵەیە حەرامەو خوێنەری تاوان بار دەبێت .

2- هەڵەی نهێنی : - ئەو هەڵەیە کە لە وتراودا روو دەدات و نەریتی (العرف) خوێندنەوە تێك دەدات و مانا تێك نادات ، زانین و ناسینەوەی ئەم هەڵەیە تەنها زانایانی خوێندنەوە (القراءات)ە کان هەستی پێدەکەن . ئەمەش روودەدات لە واز هێنان لە مینگە ، کورت کردنەوەی درێژکراوەکان ، درێژکردنەوەی کورتەکان . ئەم جۆرە هەڵەیە مکروهە لە خوێندنەوەدا چونکە کرۆك و رەونەقی خوێندنەوە ناهێڵێت .

ئاگاداربە :- خوێنەری بەرێز لە هەردوو جۆری هەڵەکە ، تا پاداشتی تەواوەتی لای خوای گەورە بەدەست بێنیت .

دەرچەی پیتەکان

پ/ دەرچەی پیت چییە ؟

و/ بریتیە لە شوێنی دەرچوونی پیت لە کاتی وتنیدا و هۆکاری جیاکەرەوەیەتی لە پیتەکانی تر .

پ/ ئەو یاسایە چییە کە دەرچەی پیتی پێ دەناسرێتەوە ؟

و/ پیتەکە سکون دار یان شەددە دار بکە پاشان همزەی وەصل (همزة الوصل)ی بخەرە سەر و گوێی لێبگرە لە کوێدا دەنگەکە کۆتای هات ئەوە دەرچەکەیەتی(*) .

پ/ دەرچەی پیتەکان چەندە ؟

و/ حەڤدە دەرچەن

پ/ ئەم حەڤدە دەرچەیە بە سەر چەند شوێندا دابەش دەبن ؟

و/ بەسەر پێنج شوێندا دابەش دەبن .

1- بۆشای (الجوف) کە یەك دەرچەی تیادایە .

2- گەروو (الحلق) کە سێ دەرچەی تیادایە

3- زمان (اللسان) کە دە دەرچەی تیادایە

4- هەردوو لێو (الشفتان) کە دوو دەرچەی تیادایە

5- برِناخی لوت یان بۆشای لوت (الخیشوم) کە یەك دەرچەی تیادایە .

پ/ شوێنی یەکەم چییە و چەند دەرچەی تیادایە ؟

و/ <u>**شوێنی یەکەم**</u> : بۆشایی (الجوف)ە کە بەتالأیی ناو دەم و گەرووە و تەنها یەك دەرچەی هەیە .

دەرچەی یەکەم : کە سێ پیتی لێوە دەردەچێت کە پیتەکانی درێژکردنەوەن (ئەلیفی سکون دار کە پێشی فەتحە بێت وە واوی سکون دار کە پێشی ضمە بێت ویائی سکون دار کە پێشی کسرە بێت) .

(ـَـا ، ـُـو ، ـِـي)

وا دائەنرێ کە جەوف دەرچەیەکی دیاری نەکراو (مقدر) ەو دیاری کراو نییە .

(*) دەرچەی دیاری کراو ، لە هەر شوێنێکەوە دەنگەکە بەگشتی کۆتای پێهات ئەوە دەرچە دیاری نەکراوەکەیەتی کەشوێنی دیاری کراوی نییە لە بە شەکانی دەمدا .

پ/ شوێنی دووەم چییە و چەند دەرچەی تیادایە ؟

و/ **شوێنی دووەم** : گەرووە کە سێ دەرچەی تیادایە بۆ شەش پیت .

أ – دەرچەی دووەم ئەوسەری گەروو (اقصى الحلق) واتا دوورترینیان لە دەمەوە کە بەلای سنگەوەیە کە هەمزەو هائی لێوە دەردەچێت .

ب– دەرچەی سێیەم ناوەراستی گەروو (وسط الحلق) کە عین و حائی لێوە دەردەچێت .

ج– دەرچەی چوارەم ئەمسەری گەروو (ادنى الحلق) نزیکترین بەشە لە دەمەوە کە غین و خائی لێوە دەردەچێت

پ/ شوێنی سێیەم چییە و چەند دەرچەی تیادایە ؟

و/ **شوێنی سێیەم** : زمانە کە دە دەرچەی بۆ هەژدە پیت تیادایە و دەکرێن بە چوار بەشەوە (سەر، لاکان ، ناوەراست ، ئەوسەر)ی زمان

دەرچەی پێنجەم : لە نێوان سەری زەمان و سەری دانە برەرەکانی سەرەوەدایە . (ث، ذ،ظ)

دەرچەی شەشەم : لە نێوان سەری زمان و نێوان سەری دانە برەرەکانی سەرەوەو خوارەوەدا . (ص،ز،س)

دەرچەی حەوتەم : لە نێوان سەری زمان و بێخی دوو دانە برەرەکەی سەرەوەدایە . (ت،د،ط)

دەرچەی هەشتەم : لە نێوان سەر و پشتی زمان لە گەڵ پوکی دوودانە برەرەکەی سەرەوە . (ر)

دەرچەی نۆیەم : لە نێوان سەری زمان و ئەو بەشەی بەرانبەریەتی لە پوکی دوودانە برەرەکەی سەرەوە (ن)

دەرچەی دەیەم : لە نێوان هەردوو قەراغی زمان بەیەکەوەو پوکی بەرانبەریان (ل)

دەرچەی یازدەیەم : لە نێوان یەکێك لە قەراغەکانی زمان و کاکیلەکانی بەرانبەری (ض)

دەرچەی دوازدەیەم : لە نێوان ناوەراستی زمان و بەشی بەرانبەری لە مەلآشوی سەرەوە (ج،ش ، ی نادرێژکراوە)

دەرچەی سیازدە : لە نێوان ئەوسەری زمان و بەشی بەرانبەری لە مەلآشووی سەرەوە (ك)

دەرچەی چواردە : لە نێوان ئەوسەری زمان و بەشی بەرانبەری مەلاشووی سەرەوە پشت دەرچەی کاف (ق)

پ/ شوێنی چوارەم چییە و چەند دەرچەی تیادایە ؟

شوێنی چوارەم : هەردوو لێوە کە دوو دەرچەی هەیە .

دەرچەی پازدە : لە نێوان ناوەوەی لێوی خواروو سەری دوو برەرەکەی سەرەوە(ف)

دەرچەی شازدە : لە نێوان هەردوو لێو بەیەکەوە (و ، م ، ب) بەڵام واو بە کردنەوەو خرکردنی لێوەکان و میم و با بە خستنە سەریەکی هەردوو لێوە .


پ/ شوێنی پێنجەم چییە و چەند دەرچەی تیادایە ؟

و/ **شوێنی پێنجەم** : برناخی لوت (الخیشوم)ە کە یەك دەرچەی تیادایە .

دەرچەی حەڤدەیەم : پیتەکانی منگەی لێوە دەردەچێت کە (م ، ن) ە کاتێ کە

شەددە دار ، تێهەڵکێشی مینگەدار ، شاردنەوە و هەڵگەرانەوەی نونی سکونداری

تیادا روویدات .


دەرچەی پیتەکان
بۆشایی
گەروو
زمان
دوو لێو
لوت
1. ا، و،ي
درێژکراوە
2. ء ، هـ
3. ع ، ح
4. غ ، خ
5. ث ، ذ ، ظ
6. ص ، ز، س
7. ت ، د ، ط
8. ر
9. ن
10. ل
11. ض
12. ج ،ش ،ي
13. ك
14. ق
15. ف
16.
و، م ، ب
17.
م ، ن

سیفەتەکانی پیتەکان

پ / سیفەتی پیت چییە[*] ؟

و/ بریتیە لە چۆنیەتی دەرچوونی پیت لە کاتی پێکهاتنی لە دەرچەکەیدا .

پ/ پیتەکان چەند سیفەتیان هەیە ؟

و/ حەڤدە سیفەتیان هەیە .

پ/ ئەم سیفەتانە بۆ چەند بەش دابەش دەبن ؟

و/ بۆ دوو بەش : – بەشێکیان دژیان هەیە کە پێنجن و دژەکانیشیان هەر پێنجە .

بەشەکەی تریان دژیان نییە و حەوتن .

هەموو پیتێك پێنج سیفەتی لە دژەکان هەیە ، بەڵام بێ دژەکان لە پیتێکدا یەك سیفەت یان دوو یان هیچ سیفەتی تیدا نییە لە ئەنجامدا ئەکرێ حەوت سیفەت لە یەك پیتدا کۆببێتەوە .

پ/ دژدارەکان چین ؟

و/ دژدارەکان پێنجن .

یەکەم : چرپە (الهمس) ئاشکرا (الجهر)

چرپە : لە زمانەوانیدا : شاراوە و پەنامەکی

لە زاراوەدا : ڕۆیشتن و بەردەوام بوونی هەناسە لە کاتی وتنی پیتەکەدا (بە هۆی لاوازی پشت بەستن بە دەرچەکەیەوە) کە پیتەکانی دە پیتن و کۆکراونەتەوە لە (فحثه شخصٌ سکت) .

ئاشکرا : لە زمانەوانیدا : ئاشکراکردن .

لە زاراوەدا : گرتنەوەی ڕۆیشتنی هەناسە لە کاتی وتنی پیتەکەدا (بە هۆی

---

[*] پێش چوونە ناو ئەم لێکۆڵینەوەپێویستە ئەم زاراوانە دیاری بکەین :–

دەرچە (المخرج) : ئەو شوێنەیە کە پیتی لێوە دەردەچێت لە کاتی ووتنی پیتەکەدا .

سیفەت (الصفة) چۆنیەتیەکی توشهاتە بۆ پیت لە کاتی بوونی لە دەرچەکەیدا

هەناسە (النفس) : ئەو هەوا نەبستراوەیە کە لە ناو دەمەوە دەردەچێت بە پاڵنەری سروشتی .

دەنگ (الصوت) : ئەو هەوا بیستراوە دەرچوەیە بەویست

پیت (الحرف) : ئەو دەنگە ناسراوەیە کە لە دەرچەی دیاریکراو یان دیاری نەکراوەوە دەردەچێت

بەهێزی پشت بەستن بە دەرچەکەیەوە). پیتەکانیشی هەموو پیتەکانی ترە جگە لە پیتەکانی چرپە کە دەستەواژەی (عظم وزن قارئ غض ذي طلب جد) کۆی دەکاتەوە

دووەم : توند (الشده) و خاوەکان (الرخوه)

توند : لە زمانەوانیدا : بە هێزیە

لە زاراوەدا : گرتنەوەی رۆیشتنی دەنگە لە کاتی وتنی پیتەکەدا (بە هۆی بەتەواوی پشت بەستن بە دەرچەکەیەوە) ، پیتەکانی هەشتن و دەستەواژەی (اجدك تطبق) کۆیان دەکاتەوە .

چەند پیتێکی تر لە نێوان پیتەکانی توند و خاودا هەن کە پێنج پیتن و لە دەستەواژەی (لن عمر)دا کۆبوونەتەوە ، کە تیایاندا دەنگی پیتەکان نە وەك و توند دەگیرێتەوە و نە وەك و خاویش بەردەوام دەبێت

خاو : لە زمانەوانیدا : نەرمی

لە زاراوەدا : رۆیشتن و بەردەوام بوونی دەنگە لە گەڵ ووتنی پیتەکەدا (بە هۆی لاوازی پشت بەستن بە دەرچەکەیەوە) پیتەکانیشی جگە لە پیتەکانی (اجدك تطبق) و (لن عمر) ن

سێیەم : بەرزکردن (الاستعلاء) دژەکەشی نزمکردن (الاستفال) .

بەرزکردن: لە زمانەوانیدا : بەرزکردنەوە

لە زاراوەدا : بەرزکردنەوەی کۆتای زمانە لە کاتی ووتنی پیتەکە بۆ مەلاشووی سەرەوە لە گەڵ بەرزبونەوەی دەنگەکە ، پیتەکانیشی حەوتن کە لە (خُصَّ ضَغطٍ قِظْ)دا کۆدەبێتەوە .

نزمکردن : لە زمانەوانیدا : نزمکردنەوە

لە زاراوەدا : نزم کردنەوەی زمانە لەکاتی دەرچوونی پیتدا بۆ بنی دەم و پیتەکانیشی هەموو پیتەکانی ترە جگە لەپیتەکانی بەرزکردن کە دەستەواژەی(ثبت عز من یجود حرفه سل اِذ شکا) کۆیان دەکاتەوە .

چوارەم : لکاوەکان (الاطباق) و کراوەکان (الانفتاح)

لکاوەکان : لە زمانەوانیدا : لکاو

لە زاراوەدا : لکانی زمانە بە بەشی بەرانبەری لە مەلاشودا . کە پیتەکانی چوارن (ص ، ض ، ط ،ظ)

کراوەکان : بریتیە لە کرانەوەی نێوان زمان و مەلاشوو دەرچوونیەتی لە نێوانیانەوە لە کاتی ووتنی پیتەکانیدا کە هەموو پیتەکانی ترە جگە لە (ص ، ض ، ط ، ظ) .

پێنجەم : تیژەکان (الاذلاق) و بێدەنگەکان (الاصمات)

تیژەکان : لە زمانەوانیدا : تیژی و رەوانی زمان

لە زاراوەدا : سوکی پیتە لە کاتی دەرچوونی لە سەری زمان و لێوەکانەوە و پیتەکانی شەشن لە دەستەواژەی (فرَّ من لُب) کۆ دەبێتەوە .

بێدەنگەکان : لە بێدەنگییەوە واتە قەدەغە پیتەکانیشی هەموو پیتەکانی ترە جگە لە پیتە تیژەکان ، بە موصمتە ناونراوە چونکە قەدەغەیە بە تەنها لە ووشەیەکدابن کە لە چوار یان پێنج پیت پێکهاتبێت بەڵك و دەبێت پیتێك یان چەند پیتێکی تیژی لەگەڵدا بێت . وەك (جعفر ، سفرجل)

پ/ ئەو سیفەتانەی کە دژیان نییە چین .

و/ ئەوسیفەتانەی کە دژیان نییە حەوتن .

یەکەم : فیکەدارەکان (الصفیر) : پەنگ خواردنەوەی دەنگە لە نێوان بڕەرەکان و سەری زماندا کە پیتەکانی بریتین لە (ص ، ز ، س) کە دەنگیان لە فیکەی باڵندە دەچێت .

دووەم : قەلقەلە : دەنگێکی زیادەیە لە دەرچەکەیدا پاش پەستانی دەرچەکەی و پەیدا بوونی پیتەکە .پیتەکانی پێنجن (قطب جد)

– بە قەلقەلەی گەورە ناو دەنرێ کاتێ پیتەکەی لە کۆتای ووشەدا بێت و لە سەری بوەستیت .

– بە قەلقەلەی بچوك ناو دەنرێ کاتێ پیتەکەی لە ناوەراستی وشەدا بێت یان وتە .

سێیەم : نەرم (اللین) : دەرچوونی پیتە بە سوکی و بە ئاسانی کە گرانی ناخاتە سەر زمان و پیتەکانی (واو و یا) ی سکون دارن کە پێشیان فەتحەی هەبێت .


وەك (ٱلۡبَيۡتِ ، خَوۡفِۭ)

چوارەم : لارەوە بوو (الانحراف) : واتە لاربوونەوەی دەنگی پیت پاش دەرچوونی بۆ لای زمان . پیتەکانی (لام و را)ە کە لە لام دا دەنگەکە بۆ دەرەوە لار دەبێتەوە و لە رایشدا بۆ ناوەوە .

پێنجەم : دوو بارەوە بوو (التكرار) : لەرینەوەی سەری زمانە لە کاتی ووتنی پیتەکەیدا .کە پیتەکەی (را)یە ، ئەم سیفەتە بۆ ئەوە باس دەکرێت کە خۆمانی لێ بەدور بگرین .

شەشەم : بڵاوەبوو (التفشي) : زۆری بڵاوبوونەوەی دەرچوونی هەناسە لە دەمدا لە کاتی ووتنی پیتەکەیدا کە (شين)ە .

حەوتەم : درێژەوە بوو : (الاستطالة) : درێژبوونەوەی دەنگە لە سەرەتای لێواری زمانەوە بۆ کۆتایەکەی پیتەکەشی (ضاد)ە بەردەوام بوونی دەنگی ضادی سکوندار کەمێك کەمتر لە مەدی سروشتی دەمێنێتەوە .


سیفەتی پیتەکان
دژدارەکان
بێ دژەکان
ئاشکرا
چرپە
(فحثه شخص سكت)
توند
(اجدك تطبق)
ناوةند
لن عمر
خاوەکان
بەرزکردن
(خص ضغط قظ)
نزمکردن
لکاوە
(ص، ض، ط، ظ)
کراوە
تیژەکان
(فر من لب)
بێدەنگەکان
فیکەدار
(ز ، ص، س)
قەلقەلە
(قطب جـد)
نەرم
(و، ي)
لارەوەبوو
(ل ، ر)
دووبارە بوو
(ر)
بڵاوەوە بوو
(ش)
درێژەوە بوو
(ض)

پلەکانی خوێندنەوە

پ/ پلەکانی خوێندنەوە چەندن ؟

و/ پلەکانی خوێندنەوە چوارن بە پێی خێرایەکانیان .

1- التحقیق 3- التدویر

2- الترتیل 4- الحدر

ئەم ناوە زاراوەیانە زانایانی جوان خوێندنەوەی قورئان بە کاریان هێناوە بۆ وەسف کردنی خێرایی خوێندنەوەی قورئان .

پ/ پلەی تحقیق چییە ؟

و/ واتە هەموو پیتێك چی پێویستە لە دەربرین و تێرکردنی درێژکراوەکان بیدرێتێ ، دەربرینی پیتەکە و تەواوی سەرو بۆرو ژێرەکانی ، دانی مینگەکان و لێك جیاکردنەوەی پیتەکان ، زیاتر بۆ فێرکردن بەکاردێت .

پ/ پلەی تەرتیل چییە ؟

و/ خوێندنەوەی قورئان بە لە سەر خۆی و تێگەیشتنەوە بێ پەلەکردن ، هەموو پیتێك چی بۆهەیەو چی لە سەرە دەیدرێتێ .


پ/ پلەی حەدر چییە ؟

و/ خوێندنەوەی قورئان بە خێرای ، هەموو پیتێك چی بۆهەیەو چی لە سەرە دەیدرێتێ .

پ/ پلەی تەدویر چییە ؟

و/ خوێندنەوەی قورئان بە مام ناوەندی لە نێوان تەرتیل و حەدردا .

پ/ کام پلەیان بەکاربێنین لە خوێندنەوەدا . و/ هەر چوار پلەکە ئاساییە بەکارهێنانیان ، خوێنەر کام پلەیان لە گەڵ سروشتیدا دەگونجێت و ئاسانە لە سەر زمانی بەکاریدێنێت .



خوێندنی تەعوذ و بەسمەلە (الاستعاذە و بسملە)

پ/ حوکمی تەعوذ و شێوەکەی و بارەکانی چین ؟

و/ حوکمەکەی / خۆشویستراوە (مستحبە)

دەشڵێن واجبە بە پێی فەرمودەی خوای گەورە

﴿ فَإِذَا قَرَأْتَ ٱلْقُرْءَانَ فَٱسْتَعِذْ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ ﴿٩٨﴾ ﴾ النحل: ٩٨

شێوەکەشی بریتیە لە :- (أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ) .

بارەکانی : -

1- بە نهێنی دەخوێندرێت ئەگەر بە تەنها قورئان خوێندرا .

2- بە نهێنی دەخوێندرێت لە نوێژەکاندا (نهێنی بێت یان ئاشکرا)

3- بە ئاشکرا دەخوێندرێت لە کاتی خوێندنی ئاشکرادا کە خەڵك گوێی لێبگرێت

4- ئەگەر خوێندن بە نۆرە بوو لە ئەلقەدا لە گەڵ کۆمەڵدا یەکەم بە ئاشکرا دەیخوێنێت و ئەوانی تر بەنهێنی .

5- لە کاتی بڕینی خوێندنەوەی قورئاندا بە هۆی (کۆکە ، پژمین ، دوانێك کە پەیوەست بێت بە قورئانەوە وەك تەفسیرەکەی ......هتد) دووبارە ناخوێنرێتەوە. بەڵام ئەگەر بڕینەکە پەیوەست نەبوو بە قورئانەوە وەك (خواردن و قسەکردن) دووبارە دەخوێنرێتەوە .

شێوەی بەسمەلە چییە و حوکمەکەی چیە ؟

و/ شێوەکەی ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾

حوکمەکەی :-

1- پێویستە لە سەرەتای هەموو سورەتێکادا بخوێنرێت جگە لە سورەتی براء ە (التوبة)

2- بەڵام ئەگەر لە سەرەتای سورەتەکەوە دەستی پێنەکرد پێویستە تعوذ بکرێت و بەسمەلەش خوێندنی و نەخوێندنی ئاساییە .

3- ئەگەر خوێنەر ویستی بچێتە سەرەتای سورەتێکی تر لەگەڵ تەواو کردن یان تەواو نەکردنی ئەو سورەتەی کە تیایدا دەیخوێند یەك جار بەسمەلە دەکرێت .

پ/ ئەگەر خوێنەر تعوذ و بەسمەلەو سورەتەکەشی خوێند چەند شێوەی هەیە ؟

و/ چوار شێوەی هەیە .

1- بڕینیان لە یەکتری

2- گەیاندنی بەسمەلە بە سورەتەکە .

3- گەیاندنی تعوذ بە بەسمەلە .

4- گەیاندنی هەموو.

پ/ ئەگەر خوێنەر بەسمەلەی کرد لە نێوان دوو سورەتدا چەند شێوەی هەیە ؟

و/ چوار شێوەی هەیە . سیانیان جائزەو چوارەمیان نا جائزە . سێ جائزەکەیان ئەمانەن : -

1- بڕینی هەموویان

2- گەیاندنی بەسمەلە بە سورەتەکە .

3- گەیاندنی هەموان .

چوارەم کە نادروستە ئەوەیە کە کۆتایی سورەتەکە بگەیەنێت بە بەسمەلەی سورەتەکەی دوایەوە و بوەستێت پاشان بە سورەتە تازەکە دەست پێبکات .

یاساکانی نونی سکون دارو تەنوین

پ/ نونی سکوندار چییە ؟

و/ ئەو نونەیە کە سکونی لە سەرە کە لە ووتەو نوسین و وەستان و بەردەوامیدا دیارە لە ناو و کردارو (الفعل) و پیتدا هەیە ، وەك (ٱلۡأَنۢبَآءُ ، يُنصَرُونَ ،مِن)

پ/ تەنوین چییە ؟

و/ ئەو نونە سکوندارەیە کە بە کۆتایی ناوەوە نووساوە لە ووتندا ، لە نوسین و وەستاندا لێی جیا دەبێتەوەو نیشانەکەشی دوو فەتحە ، دوو ضە مە یان دوو کەسرەیە . وەك (كِتَٰبًا ، كِتَٰبٌ ، كِتَٰبٍ)

پ/ نونی سکوندار و تەنوین چەند یاسایان هەیە ؟

و/ لە کاتی بەیەککەیشتنی نونی سکوندار و تەنوین لە گەڵ 28 پیتەکەی زمانی عەرەبیدا چوار یاسای هەیە .

1- دەرخستن (الاظهار)
2- تێهەڵکێش کردن (الادغام)
3- هەڵگەرانەوە (الاقلاب)
4- شاردنەوە (الاخفاء)

پ/ دەرخستن چییە و پیتەکانی چین ؟

و/ لە زمانەوانیدا : دەرخستن و ئاشکراکردن .

لە زاراوەدا : دەرخستنی پیتی سکوندار لە دەرچەکەیەوە بە بێ مینگەو وەستان و هەناسەدان ، ئەمە کاتێ روودەدات کەلە دوای نونی سکوندار و تەنوینەوە هەر شەش پیتەکەی گەروو هاتن

(أ ، ه ، ع، ح ، غ ، خ) ئەم شەش پیتەش لە سەرەتای ئەم وشانەوەن (أخي هاك علماً حازه غيرُ خاسرٍ)

دەرخستنەکەش لە یەك ووشەو لە دوو وشەشدا دەبێت .

نموونە (وَيَنۡـَٔوۡنَ ، مَنۡ ءَامَنَ ،رَسُولٌ أَمِينٌ)

پ/ تێهەڵکێش کردن چییە و پیتەکانی چین ؟

و/ لە زمانەوانیدا : شتێك بخەیتە شتێکی ترەوە .

لە زاراوەدا : بەیەك گەیشتنی پیتێكی سكوندار بە پیتێكی جوڵاو بە شێوەیەك وەكو یەك پیتی شەدەداری لێدێت لە جۆری پیتی دووەم . پیتەكانیشی شەشن لە ووشەی (یرملون) دا كۆدەبنەوە ، تێهەڵكێشكردن تەنها لە دوو ووشەی جیاوازدا روودەدات بەڵام ئەگەر بەیەكگەیشتنەكە لەیەك ووشەدا بوو ئەوە دەرخستن روودەدات و پێی دەوترێت دەرخستنی ناوازە . نموونە (ٱلدُّنۡيَا ،بُنۡيَـٰنٌ ، قِنۡوَانٌ ، صِنۡوَانٌ)

پ/ تێهەڵكێش چەند جۆری هەیە ؟

و/ دوو بەشە : بەمینگە ، بێ مینگە

پ/ مینگە چییە ؟

و/ ئەو دەنگەیە كە تەنها لەلووتەوە دەردەچێت و بەشی دەمی تیادا نییە .

پ/ تێهەڵكێش كردن بە مینگە چییە ؟

و/ كاتێ لە دوای نونی سكوندار و تەنوینەوە پیتەكانی (ینمو) بێت ، ناویشی دەبرێت بە تێهەڵكێشی ناتەواوی مینگەدار (برەكەی دوو جوڵەیە = بمقدار حركتین)

نموونە (مَن يَعۡمَلۡ ← مَيَّعمَل) ، (وُجُوهٌ يَوۡمَئِذٍ ← وُجوهُيَّومَئذٍ)

پ/ بۆچی بە تێهەڵكێشی ناتەواوی مینگەدار ناونراوە ؟

و/ چونكە تێهەڵكێش كردنەكە بەتەواوەتی رووی نەداوەو سیفەتی مینگەی پیتەكە ماوە و پیتەكە نەماوە .

پ/ تێهەڵكێش كردن بێ مینگە چییە ؟

و/ كاتێ لە دوای نونی سكوندار و تەنوینەوە پیتەكانی (لام یان را) هاتن ناویشی دەبرێت بە تێهەڵكێشی تەواوی بێ مینگە .

(مِّن رَّبِّهِمۡ ← مرَّبِهِم) ، (غَفُورٌ رَّحِيمٌ ← غفورُ رَّحيم)

پ/ بۆچی پێی دەوترێت تێهەڵكێشی تەواو ؟

و/ چونكە پیتی یەكەم بەتەواوی چوەتە ناو پیتی دووەم بە خۆی وسیفەتی مینگەكەیەوە

پ/ هەڵگەرانەوە چییە و پیتەكانی چییە ؟

و/ لە زمانەوانیدا : گۆڕینی شتێك بۆ شتێكی تر

لە زاراوەدا : هەڵگەڕانەوەی نونی سکوندار یان تەنوینە بە میمی شاراوەی مینگەدار (بە بڕی دوو حەرەکە) کاتێ دەگەن بە پیتی با ، لە یەك وشەو لە دوو وشەشدا ڕوودەدات .

نمونە يُنۢبِتُ لَكُم ← يُمبِتُ لَكُم ،

مِنۢ بَعۡدِ ← ممبَعدِ ،

سَمِيعُۢ بَصِيرٌ ← سَميعُمبَصيرٌ

پ/ شاردنەوە (الاخفاء) چییە و پیتەکانی چین ؟

و/ لە زمانەوانیدا : داپۆشینە

لە زاراوەدا : ووتنی پیتێکی سکونداره بە رووتی و بێ شەددە لە سەر سیفەتێك کە نێوان دەرخستن و تێهەڵکێش کردندایە لە گەڵ بوونی مینگە لە پیتی یەکەم (بە بڕی دوو حەرەکە) ئەمەش کاتێ ڕوودەدات کە لە دوای نونی سکوندار و تەنوینەوە پیتەکانی سەرەتای ووشەکانی ئەم دێرە شعرە بێن


صِف ذا ثنا كَم جادَ شخصٌ قَد سَما دُم طَيباً زِد فِي تُقى ضَع ظالما

شاردنەوەکەش لە یەك ووشەو لە دوو ووشەشدا روو دەدات .

نموونە (يَنصُرُكُم ، عَن صَلَاتِهِمۡ ،رِيحًا صَرۡصَرًا)

پ/ جیاوازی چییە لە نێوان لابردن و شاردنەوەدا (الحذف و الاخفاء)

و/ لە تێهەڵکێش کردندا بۆ نموونە نونی زەنەدار یان تەنوین لادەبرێن ئەوەتا رستەی (مَن يَعمل) دەبێتە (مَيَّعمَل) ، نوونەکە لابراو لە ووتندا نەما ، بەڵام لە شاردنەوەدا نونی زەنەدار یان تەنوین لانابرێن بەڵکو شێوە روونەکانیان دەشارینەوە .


یاساكانی نونی ساكن و تەنوین
دەرخستن
تێهەڵكێش
هەڵگەرانەوە
شاردنەوە
نونی ساكن و تەنوین + أ
نونی ساكن و تەنوین + هـ
نونی ساكن و تەنوین + ع
نونی ساكن و تەنوین + ح
نونی ساكن و تەنوین + غ
نونی ساكن و تەنوین + خ
نونی ساكن و تەنوین + ب
نونی ساكن و تەنوین + ص
نونی ساكن و تەنوین + ذ
نونی ساكن و تەنوین + ث
نونی ساكن و تەنوین + ك
نونی ساكن و تەنوین + ج
نونی ساكن و تەنوین + ش
نونی ساكن و تەنوین + ق
نونی ساكن و تەنوین + س
نونی ساكن و تەنوین + د
نونی ساكن و تەنوین + ط
نونی ساكن و تەنوین + ز
نونی ساكن و تەنوین + ف
نونی ساكن و تەنوین + ت
نونی ساكن و تەنوین + ض
بەمینگە
بێ مینگە
نونی ساكن و ەنوین + ي
نونی ساكن و تەنوین + ن
نونی ساكن و تەنوین + م
نونی ساكن و تەنوین + و
نونی ساكن و تەنوین + ل
نونی ساكن و تەنوین + ر

یاساكانی (میمی سكوندار)

پ: میمی سكوندار چەند یاسای هەیە ؟

و: میمی ساكین ئەگەر بگات بە (28) پیتەكەی زمانی عەرەبی سێ یاسای هەیە كە بریتین لە:

1- شاردنەوە (الاخفاء).

2- تێكهەڵكێشبوون (الادغام).

3- ئاشكرابوون (الاظهار) .

پ: كەی میمی سكوندار دەشاردرێتەوە ؟

و: ئەگەر لەدوای میمی سكوندارەوە پیتی (بێ) هاتبێ ئەوكاتە دەشاردرێتەوە لەگەڵ مینگەدا ، وەك (وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ)

پ: كەی میمی سكوندار تێكهەڵكێش دەكرێت ؟

و: ئەگەر لەدوای میمی سكوندارەوە پیتی (میم) بێت ، ئەوا میمی یەكەم تێكهەڵكێش دەبێت لەگەڵ میمی دووەمدا بەشێوەیەك وەك یەك میمی شەدەداری لێدێت ، مینگەكەشی هەر دەمێنێت ، وەك:(وَلَهُم مَّا يَشۡتَهُونَ).

پ: كەی میمی سكوندار ئاشكرا دەكرێت ؟


ئەگەر لەدوای میمی سكوندارەوە (پیتەكانی تر) بێن كە ژمارەیان (26) پیتە ، واتە جگە لە پیتی (بێ و میم) ، ئەو كاتە دەربڕینی میم بە ئاشكرا دەبێت بەبێ مینگە ، ئەمە ناو دەبرێت بە ئاشكراكردنی لێوی ، وە لەگەڵ (ف ، و) دا زیاتر ئاشكرا دەكرێت .

یاساكانی میم و نونی شەددەدار

پ: یاسای میم و نونی شەدەدار چی یە ؟

و: پێویستە مینگەی میم و نون (م ، ن) ئاشكرا بكرێت لە كاتێكدا شەدەداربن .

وەك : (مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ) . وە وەك:(ثُمَّ ، لَمَّا)


یاساکانی (میمی سکوندار)
شاردنەوە
میمی سکوندار+ ب
تێکهەڵکێش
میمی سکوندار + م
ئاشکراکردن
میمی سکوندار + أ
میمی سکوندار + ت
میمی سکوندار + ث
میمی سکوندار + ج
میمی سکوندار + ح
میمی سکوندار + خ
میمی سکوندار + د
میمی سکوندار + ذ
میمی سکوندار + ر
میمی سکوندار + ز
میمی سکوندار + س
میمی سکوندار + ش
میمی سکوندار + ص
میمی سکوندار + ض
میمی سکوندار + ط
میمی سکوندار + ظ
میمی سکوندار + ع
میمی سکوندار + غ
میمی سکوندار + ف
میمی سکوندار + ق
میمی سکوندار + ك
میمی سکوندار + ل
میمی سکوندار + ن
میمی سکوندار + هـ
میمی سکوندار + و
میمی سکوندار + ي

یاساکانی (لام)

پ: چ کاتێك (ال) ی ناسین تێکهەڵکێش دەبێت و چ کاتێك ئاشکرا دەکرێت ؟

و: ئاشکرا دەکرێت ئەگەر لەدوایەوە ئەم پیتانە بێت (أ ، ب ، ج ، س ، ض ، ع ، غ ، ف ، ق ، ك ، م ، ه ، و ، ي) کە کۆ دەبنەوە لە ڕستەی (أبغ حجك وخف عقيمه) کە ناو دەبرێت بە لامی قەمەری ، واتا ئاشکرا دەکرێت وەك لامی (القمر) ، نیشانەکەی بریتی یە لە سکون لەسەر لامەکە . وەك: (ٱلْقَمَرَ) .

وە تێکهەڵکێش دەبێت ئەگەر لە دوایەوە (14) پیتی سەرەتای وشەکانی ئەم دێڕە شیعرە بێت :

طِبْ ثُمَّ صِلْ رَحِماً تَفُزْ صِفْ ذا نِعَم دَعْ سُوءَ ظَن زُر شَرِيفاً لِلْكَرم

ناو دەبرێت بە لامی شەمسی ، وە نیشانەکەی بونی شەددەیە لە سەر پیتی دوای لامەکە ، وەك : (ٱلشَّمْسَ) .

پ: یاسای (لام) ی کار (فعل) چییە ؟

و: پێویستە ئاشکرا بکرێت لەگەڵ هەموو پیتەکاندا جگە لە (لام و راء) .

وەك: (جَعَلْنَا ، يَلْفِظُ ، قُلْ نَعَمْ) .

وە پێویستە تێکهەڵکێش بکرێت ئەگەر بگات بە (لام و راء) .

وەك: (قُل لِّلَّهِ ، قُل رَّبِّ)

پ: کەی لامی (الجلالة – الله) بە گەورە دەخوێندرێتەوە و کەی بە ناسکی دەخوێندرێتەوە ؟

و: بەگەورە دەخوێندرێتەوە لامی (أللّه) لە دەربڕیندا ئەگەر لە پێشیەوە :-

1- فەتحە هەبێت (قَالَ ٱللَّهُ)

2- ضەممە هەبێت (عَبْدُ ٱللَّهِ)

3- سکون هەبێت لەدوای فەتحەوە (وَإِلَى ٱللَّهِ) .


4- سکون هەبێت لەدوای ضەممەوە (قَالُواْ ٱللَّهُمَّ) .

وە بە ناسکی دەخوێندرێتەوە ئەگەرلە پێشیەوە : -

1- کەسرە هەبێت (بِٱللَّهِ) .

2- سکونێك لەدوای کەسرەوە هەبێت (وَيُنَجِّى ٱللَّهُ)

3- تەنوین هەبێت (قَوۡمًا ٱللَّهُ) .


یاساکانی لام
(الـ) ناسین
لامی کردار
دەربڕینی لامی (اللّه)
ئاشکراکردن
تێهەڵکێشبوون
لامی شەمسی
لامی قەمەری
گەورەکردن
ناسکردن
تێهەڵکێشبوون
ئاشکراکردن
ئەگەر پێشی کەوێت :-
1. فەتحە (ـَ اللّه)
2. ضە ممە (ـُ اللّه)
3. سکون دوای فەتحە
(ـَـْ اللّه)
4. سکون دوای ضە ممە
(ـُـْ اللّه)
ئەگەر پێشی کەوێت:-
1. کەسرە (ـِ اللّه)
2. سکون دوای کەسرە
(ـِـْ اللّه)
3. تەنوین
(ـً اللّه ، ـٌ اللّه ، ـٍ اللّه)

یاساکانی تێکهەڵکێش بوون (الادغام)

پ: تێکهەڵکێش بوون چییە ؟

و: دەستەواژەیەکە مەبەست لێی تێکهەڵبوونی دوو پیتە (یەکەمیان سکونداربێت و دووەمیان بزواوبێت) وە یەکێکیان بکرێتە ناو ئەوی ترەوە .

پ: تێکهەڵکێش بوون بۆچەند بەش دابەش دەبێت ؟

و: بۆ سێ بەش دابەش دەبێت :- تێهەڵکێش بوونی هاوشێوە و تێهەڵکێش بوونی هاورەگەز و تێهەڵکێش بوونی نزیك لەیەك .

پ: تێکهەڵکێش بوونی هاوشێوە (المتماثل) چییە ؟

و: بریتییە لەوەی دوو پیت وەك یەك وابن لە دەرچە و سیفاتدا

وەك (اَضْرِب بِّعَصَاكَ) .

پ: تێکهەڵکێش بوونی هاوڕەگەز (متجانس) چییە ؟

و: بریتییە لەوەی دوو پیت وەك یەك وابن لە دەرچەدا و جیاواز بن لە هەندێ سیفاتدا ، ئەمەش لە شەش شوێندا دەبێت لە سێ دەرچەدا :-

1- دەرچەی (طاء) و (تاء) و (دال) : وە پێویستە لە سێ شوێندا تێکهەڵکێشبوون ڕوودات :-

أ- (دال) لە (تاء) دا . وەك : (قَدْ تَّبَيَّنَ) ، (وَمَهَّدتُّ) .

ب- (تاء) لە (دال) و (طاء) دا . وەك : (أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا) ،

: (هَمَّت طَّآئِفَتَانِ) .

ت- (طاء) لە (تاء) دا . وەك : (بَسَطتَ) ، (أَحَطتُ) .[1]

2- دەرچەی (ظاء) و (ذال) و (ثاء) : وە پێویستە تێکهەڵکێشبوون لە دوو شوێندا ڕوودات :-

---

(1) تێهەڵکێشی ناتەواوە (ادغام ناقص)

أ- (ذال) لە (ظاء) دا . وەك : (إِذ ظَّلَمُوٓاْ) .

ب- (ثاء) لە (ذال) دا . وەك : (يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ) .

3- دەرچەی (میم) و (باء) :ئەمەش لە تەنها شوێنێكدا ڕوو دەدات كە بریتییە لە:

(باء) لە (میم) دا . وەك : (ٱرۡكَب مَّعَنَا) .

پ: تێكهەڵكێشی نزیك لەیەك (المتقارب) چییە ؟

و: بریتییە لەوەی دوو پیت نزیك بن لە دەرچە و سیفەتەوە ، ئەمەش بە دوو دەرچە دەبێت :-

1- دەرچەی (قاف) و (كاف) . وەك : (أَلَمۡ نَخۡلُقكُّم)[1] .

2- دەرچەی (لام) و (راء) . وەك : (بَل رَّفَعَهُ) .

وە مانای نزیكی لە سیفەتدا : واتە دوو پیتەكە وەك یەك بن لە زۆربەی سیفەتەكانیاندا .

---

[1] دوو شێوەی هەیە تەواو ناتەواو

ياساكانى تێكهەڵكێش بوون

هاوشێوەكان

(ب – ب) ←اَضْرِب بِّعَصَاكَ

هاوڕەگەزەكان

1. دەرچەی (طاء) و (تاء) و (دال) :-

أ. (د - ت) ← (قَد تَّبَيَّنَ) ، (وَمَهَّدتُّ)

ب.(ت–د، ط) ← (أُجِيبَت دَّعْوَتُكُمَا) ، (هَمَّت طَّآئِفَتَانِ)

ج. (ط - ت) ← (بَسَطتَ) ، (أَحَطتُ)

2. دەرچەی (ظاء) و (ذال) و (ثاء)

أ. (ذ - ظ) ← (إِذ ظَّلَمُوٓاْ)

ب. (ث – ذ) ← (يَلْهَث ذَّٰلِكَ

نزیكبوون / متقـــارب

1. (ق- ك) ← (أَلَمْ نَخْلُقكُّم)
2. (ل– ر) ← (بَل رَّفَعَهُ)

یاساکانی مەدد (درێژ کردنەوە)

پ: مەدد چییە ؟

و: بریتییە لە درێژکردنەوەی دەنگ بە پیتێك لە پیتەکانی مەدد.

پ: پیتەکانی مەدد چەندن ؟

و: سیانن : ـَ اْ ، ـُ وْ ، ـِ يْ .

ئەلفی سکوندار پیتی پێشی فەتحەی هەبێت ـَ اْ [1] .

واوی سکوندار پیتی پێشی ضه ممه ی هەبێت ـُ وْ .

یائی سکوندار پیتی پێشی کەسرەی هەبێت ـِ يْ .

ئەم سێ پیتە لە وشەی (نُوحِيهَآ)دا کۆبوونەتەوە .

پ: مەدد بۆ چەند بەش دابەش دەبێت ؟

و: بۆ دوو بەش دابەش دەبێت : ئاسایی و نائاسایی (أصلي و فرعي) .

پ: مەددی ئاسایی (أصلی) چییە و چەند جووڵە درێژ دەکرێتەوە

و: بریتییە لەو مەددەی کە دەربڕینی خودی پیتەکەی لەسەربەندە ، وە نەوەستاوە لەسەر هۆکارێکی دوای خۆی ، ناودەبرێت بە مەددی ئاسایی (طبيعي) و بەئەندازەی دوو جووڵە درێژ دەکرێتەوە .

پ: ئەندازەی جووڵە چەندە ؟

و: بریتییە لەئەندازەی نوقاندنی پەنجە یان کردنەوەی بێ ئەوەی پەلە بکەی یا لەسەرخۆ بیت .

بۆ ناو نراوە مەددی ئاسایی(طبيعي) ؟

لەبەر ئەوەی خاوەن سروشتێکی دروست لەو ئەندازەیە کەمتری ناکاتەوە و زیادیشی ناکات .

وە مەددی سروشتی ئەم بەشانەی لێ ئەبێتەوە: (مەدی لەجیاتی (عوض) ، مەددی لەبری (البدل) ، مەددی سیلەی بچووك (الصلة الصغرى) ، مەددی جێگیربوون (التمکين) ، مەددی پیتی ئاسایی (الحرفي ألطبيعي) .

---

[1] لە وتەی عەرەبدا ئەلیف لە هەموو کاتێکدا سکوندارەو پێشی فەتحەی دەبێت .

پ: مەدی لەجیاتی (عوض) چییە ؟

و: بریتییە لە وەستان لەسەر تەنوینی مەنصوب لە جیاتی تەنوینەکە ئەلیف دەخوێندرێتەوە

نموونە: (عَلِيمًا حَكِيمًا) دەخوێندرێتەوە بە (عليماً حكيما) .

پ: مەددی لەبری (البدل) چییە ؟

و: بریتییە لەوەی لە بنچینەدا دوو هەمزە هەبێت وە ناوی (لەبری – بدل)ی لێنراوە چونکە لە بری هەمزەی دووەم پیتێکی مەدد دادەنێین کە لە ڕەگەزی حەرەکەی پیتەکەی پێش خۆی بێت .

وەك: (ءَادَمَ ، إيمان ، ءَاتَوْا) کە لە بنچینەدا (أَأْدمْ ، إِأْمان ، أُأْتوا) بوونە .

پ: مەددی صیلەی بچوك (الصلة الصغرى) چییە ؟

و: بریتییە لە درێژکردنەوەی هائی ڕاناوی تاکی نادیاری نێرینە (هاء الضمير الغائب المفرد المذكر) ضه ممه ی هەبێت یا کەسرە ، وە لەسەریشی نەوەستی و بکەوێتە نێوان دوو حەرەکەدارەوە ، ضه ممه ی هائەکە درێژ ئەکرێتەوە بە ئەندازەی واوێکی مەددی ، وە کەسرەی هائەکە درێژ دەکرێتەوە بە ئەندازەی یائێکی پیتی مەدد .

وە ئەندازەی مەددەکە دوو جووڵەیە ئەگەر لەدوایەوە هەمزە نەبێت .

نموونە : (إِنَّهُۥ بِعِبَادِهِۦ خَبِيرٌۢ) .

جگە لەم فەرموودیەی خوای بەرز و بڵند (فِيهِۦ مُهَانًا) کە درێژ دەکرێتەوە بۆ مبالغە لە سزادانی کافراندا .

وە ئەم فەرموودەیەی خوای باڵادەست (يَرْضَهُ لَكُمْ) بە کورتی دەخوێنرێتەوە چونکە لە بنچینەدا (يَرْضَاهُ لَكُمْ) ە .

پ: مەددی جێگیربوون (التمكين) چییە ؟

و: بریتییە لەو دوو یائەی یەکەمیان شەددە و کەسرەی هەیە و دووەمیان ساکینە ، وە ناو دەبرێت بە مەددی تەمکین چونکە بە شێوەیەك دەردەبڕێت کە جێگەی خۆی دەکاتەوە بەهۆی شەددەکەوە . نموونە: (حُيِّيتُم) .

پ: مەددی پیتی ئاسایی (الحرف الطبيعي) چییە ؟

و: بریتییە لە درێژکردنەوەی ئەلیفەکانی پیتەکانی دەستە واژەی (حيٌّ طَهُرْ) کە لە سەرەتای سورەتەکاندا هەیە بە شێوەیەکی سروشتی بە ئەندازەی دوو جووڵە ، چونکە دەربڕینی هەر پیتێکیان دوو پیتە لە کاتی قورئانخوێندندا بەم شێوەیە (حا ، یا ، طا ، ها ، را) .

مەددی نائاسایی (الفرعی) چییە ؟

و: بریتییە لەو مەددەی درێژکردنەوەکەی زیاترە لە مەددی ئاسایی بەهۆی گەیشتنی پیتی مەددەکە بە هەمزە یان بە سکون .

بۆ چەند بەش دابەش دەبێت مەد بەهۆی هەمزەوە ؟

و: دابەش دەبێت بۆ دوو بەش : مەددی (الواجب المتصل)

: مەددی (الجائز المنفصل) کە مەددی صیلەی

گەورەی پێوە دەلکیندرێت .

پ: مەددی (الواجب المتصل) چییە؟ چەند جووڵە درێژدرکرێتەوە ؟

و: بریتییە لەوەی پیتی مەدد و هەمزە لەیەك ووشەدا کۆببێتەوە ، وە بەئەندازەی پێنج جووڵە درێژ درکرێتەوە ، نموونە بۆ ئەمە : (جَـآءَ ، سُوٓءَ ، سِيٓءَ).

پ: مەددی (الجائز المنفصل) چییە و چەند جووڵە درێژ درکرێتەوە ؟

و: بریتییە لەوەی پیتێکی مەدد لە ووشەیەکدا هەبێت و هەمزەکەش لە ووشەیەکی تردابێت . وە بە ئەندازەی دوو جووڵە یان پێنج جووڵە درێژ درکرێتەوە [(1)] ،

نموونە (إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ) .

پ: مەددی سیلەی گەورە (الصلة الكبرى) چییە ؟

و: ئەگەر بکەوێتە دوای مەددی سیلەی بچووکەوە هەمزەی (قطع) ئەوا دەلکێندرێت بە مەددی (الجائز المنفصل) ەوە بۆ ئەوەیبە ئەندازەی دوو یان پێنج جووڵە درێژ بکرێتەوە . نموونە : (وَلَهُۥٓ أَخٌ) .

پ: مەدد بەهۆی سکونەوە بۆ چەند بەش دابەش دەبێت ؟

و: بۆ دوو بەش دابەشدەبێت : 1- سکونی (لازم) پەیوەست ، 2- سکونی (عارض) توشهات .

---

(1) شایەنی باسە دوو جوڵە لە رێگەی (الطّيبة) یە .

پ: مەدد بەهۆی سکونی (لازم) وە بۆ چەند بەش دابەش دەكرێت ؟

و: بۆ دوو بەش دابەشدەبێت : 1- مەددی لازمی ووشەیی ، 2- مەددی لازمی پیتی

پ: مەددی لازمی ووشەیی چییە ؟ و بۆ چەند بەش دابەش دەبێت ؟

و: بریتییە لە هاتنی پیتێكی ساكن لەدوای پیتی مەددەوە كە سكونەكەی بنچینەیی بێت لە یەك وشەدا .

وە دابەش دەبێت بۆ دوو بەش :

1- قورس : نیشانەكەی هاتنی پیتێكی شەددەدارە [1] . لەدوای پیتی مەددەوە .

وەك: (ٱلۡحَآقَّةُ) .

2- سوك : نیشانەی هاتنی پیتێكی سكوندارە لەدوای پیتی مەددەوە .

وەك : (ءَآلۡـَٔـٰنَ) .

پ: مەددی لازمی پیتی چییە ؟ بۆ چەند بەش دابەش دەكرێت ؟

و: بریتییە لە درێژكردنەوەی پیتی مەدد لە دەربڕینی یەكێك لەم پیتانەی سەرەتای سورەتەكانی قورئاندا [2] كە كۆبوونەتەوە لەم دوو ووشەیەدا (نقص عسلكم) وە بۆ دوو بەش دابەش دەبێت :

---

(1) هەموو پیتێكی شەددەدار لە بنچینەدا دوو پیتە : یەكەمیان سكونی هەیە و دووەمیان حەرەكە، بەم شێوەیە (الحاققە) بۆیە دەووترێت پیتی شەددەدار سكونی هەیە .

(2) ئەو پیتانەی دەكەونە سەرەتای سورەتەكانەوە ئەم چواردە پیتەیە كە لەم ڕستەیەدا كۆكراوەتەوە (نص حكيم له سر قاطع) لە نوسیندا بە هێمای یەك پیت دەنوسرێت بەڵام لە خوێندنەوەدا ناوی پیتەكە دەخوێندرێتەوە نەك دەنگی پیتەكە ، بۆ نموونە (الٓمٓ) دەخوێندۆێتەوە بە (ألف لام میم) .

ئەم پیتانەش دەكرێن بە سێبەشەوە :

1- پیتێك كە درێژكردنەوەی تیا نیە ، ئەویش (ألف)ە .

2- جۆرێكیان هێمای پیتەكە بە دوو پیت دەخوێندرێتەوە دووەمیان پیتی مەددە كە ئەلیفی مەددییە ، پیتەكانی ئەم جۆرە كۆكراونەتەوە لە دوو ووشەی (حي طهر) دا و

ئەندازەکەشی دوو جولەیە و ، دەلكێندرێت بە مەددی سروشتی یەوە ، هەریەکەشیان بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە : (حا ، یا ، طا ، ها ، را) .

1- قورس: ئەگەر تێکەڵکێش بێت پیتی کۆتایی لەگەڵ پیتەکەی دوای خۆیدا وەك (الٓمٓ) دەخوێندرێتەوە بە (ألف لاَمّیم) .

2- سووك: ئەگەرپیتی تێهەڵکێش نەبێت لەگەڵ پیتی دوای خۆیدا :

وەك (صٓۚ وَٱلۡقُرۡءَانِ) دەخوێندرێتەوە بە (صاد وَالْقُرْآنِ) .

پ: مەدد بەهۆی سکونی توشهات(عارض)ەوە چییە و بۆچەند بەش دابەش دەبێت ؟

و: بریتیە لە وەستان لە کۆتایی وشەیەکدا بە سکون کە لە پێش پیتە سکوندارەکەوە پیتی مەد هەبێت ، وە ئەگەر نەوەستی لەسەری ئەوە مەدی سروشتی یە. بۆ نموونە : (نَسۡتَعِينُ) .


پ: مەدی لین چییە ؟

و: بریتییە لەوەستان لەسەر کۆتایی وشەیەك بە سکون کە پێش سکونە توشهاتەکە هەردوو پیتی (واو و یائی) ساکن هەبێت و پێشەوەیان فەتحە بێت ،وە لەکاتێکدا لەسەر وشەکە نەوەستین درێژ ناکرێتەوە . نموونە : (خَوۡفٌ) ، (ٱلۡبَيۡتَ) .

3- جۆرێکی تریان هێمای پیتەکە دەخوێندرێتەوە بە سێ پیت ، پیتی ناوەندیان پیتی مەددە و درێژ دەکرێتەوە ، پیتەکانی ئەم جۆرەش کۆکراوەتەوە لە دوو وشەی (نقص عسلكم) ،

ئەندازەکەش پێویستە شەش جووڵە درێژ بکرێتەوە ، هەریەکەش لەم پیتانە بەم شێوەیە

دەخوێندرێتەوە : (نون ، قاف ، صاد ، عين ، سين ، لام ، كاف ، ميم) .



یاساکانی را

پ: راء چەند یاسای هەیە ؟

و: سێ یاسای هەیە: – (بەگەورەیی ، بە ناسکی ، هەردوو شێوەکە) .

پ: کەی بە گەورەیی دەخوێندرێتەوە ؟

و: لە حەوت شوێندا بەگەورەیی دەخوێندرێتەوە :–

1– ئەگەر ضەممەی هەبێت (عِشۡرُونَ) .

2– ئەگەر فەتحەی هەبێت (سِرَٰجًا) .

3– ئەگەر سکونی هەبێت لەدوای پیتی ضەممەدارەوە (غُرۡفَةَۢ) .

4– ئەگەر سکونی هەبێت لەدوای پیتی فەتحەدارەوە (قَرۡيَةٍ) .

5– ئەگەر سکونی هەبێت لەدوای کەسرەیەکی توشهاتەوە (أَمِ ٱرۡتَابُوٓاْ) .

6– ئەگەر سکونی هەبێت لەدوای کەسرەیەکی بنچینەییەوە لەدوایەوە پیتە بەرزەکان بێت (مِرۡصَادًا) .

7– ئەگەر سکونی بۆ دروست کەی بەهۆی لەسەر وەستانەوە لەدوای سکونێکی بنچینەیی جگە لە پیتی یا ، وە لە پێش سکونە بنچینەییەکەوە فەتحە هەبێت یان ضەممە (ٱلۡقَدۡرِ) ، (ٱلۡأُمُورُ) .

پ: کەی راء بە ناسکی دەخوێندرێتەوە ؟

و: لەچوارشوێندا بە ناسکی دەخوێندرێتەوە :–

1– ئەگەر کەسرەی هەبێت (رِجَالٌ) .

2– ئەگەر سکونی هەبێت لەدوای کەسرەیەکی بنچینەییەوە (شِرۡعَةً) .

3– ئەگەر سکونی توشهات لەدوای یائێکی سکوندارەوە (خَبِيرٌ) .

4- ئەگەر سکونداریيەکەی بەهۆی لەسەر وەستانەوە لەدوای سکونێکەوە جگە لە یا ، وە لەپێش سکونەکەوە کەسرە هەبێت(ٱلسِّحْرَ) .

پ: کەی بەهەردوو شێوەکە دەخوێندرێتەوە ؟

و: دروستە بەگەورەیی و بە ناسکی بخوێندرێتەوە لە دوو شوێندا :-

1- ئەگەر سکونی هەبێت وە لە پێشیەوە کەسرەی بنچینەیی هەبێت و لەدوایەوە پیتەبەرزەکان هاتبێت و کەسرەی هەبێت (كُلُّ فِرْقٍ) .

2- ئەگەر سکونی بۆ دروست بێت وە لە پێشیەوە پیتەبەرزەکان هەبێت و سکونی هەبێت ، وە لەپێش پیتە بەرزەکانەوە کەسرە هەبێت (ٱلْقِطْرِ) ، (مِّصْرَ) .

وە شێوەی هەڵبژێردراو بۆ (راء) ی (الْقِطْرِ) بە ناسکی خوێندنەوەیە ، وە (راء) ی (مِصْرَ) بە گەورەیی خوێندنەوەیە .

پ: مەبەست چییە لە گەورە کردن و ناسککردن ؟

و: گەورەکردن (تفخيم) : واتە قەڵەو کردنی پیتەکە .

ناسککردن (ترقيق) : واتە سووککردن و ناسکردنی پیتەکە

یاساکانی را

قەڵەو

1. ـ رُ ـ
(عِشْرُونَ)
2. ـ رَ ـ
(سِرَاجًا)
3. ـُـ رْ ـ
(غُـرْفَةٌ)
4. ـَـ رْ ـ
(قَـرْيَةٍ)
5. ـ رْ ـ
(أَمِ ٱرْتَـابُوٓاْ)
6. ـِ رْ پیتی بەرزکردن
(مِرْصَادًا)
7. ـُـ ـْ رْ
(الْقَدْرِ)
(ٱلْأُمُورُ)

ناسک

1. رِ
(رِجَالٌ)
2. ـِ رْ
(شِرْعَةَ)
3. يْ رْ
(خَبِيرٌ)
4. ـِ ـْ ر
(ٱلسِّحْرَ)

ئاساییە

بە هەردوو شێوەکە

1. ـِ رْ (فِرْقٍ كُلُّ)
2. ـِ رْ
(ٱلْقِطْرِ) (مِّصْرَ)

هەمزەی (القطع) بڕین و (الوصل) گەیاندن

پ: هەمزەی (القطع) چییە ؟

و: بریتییە لە هەمزەی سەرەتای وشە کە بە ئەلیف دەنوسرێت و بە هەمزە دەخوێنرێتەوە بە بەردەوامی ، ئەگەر سەرەتای وشە قورئانییەکە حەرەکەی هەبێت بەو حەرەکەیە دەست پێدەکرێت کە هەیەتی . وەك : (أَلْهَىٰكُمُ) ، (إِسْتَبْرَقٍ) ، (أُجِيبَت) کەواتە ئەو هەمزەیەیە کە دەخوێندرێتەوە لە سەرەتا و گەیاندنیشدا .

پ: هەمزەی (الوصل) چییە ؟

و: بریتییە لە هەمزەی سەرەتای وشە کە بە ئەلیف دەنوسرێت و بە هەمزە دەخوێندرێتەوە لە دەست پێردندا ، بەڵام ئەگەر بدرێتە دەم پێشەوەی ناخوێندرێتەوە ، ئەگەر سەرەتای وشە قورئانییەکە سکونی هەبێت و ویستت لێوەی دەست پێبکەیت ناتوانی ئەمە بکەیت چونکە عەرەب بە سکوندار دەست پێناکەن و لەسەر حەرەکەدار ناوەستن[1] ، لەم کاتەدا هەمزەیەکی (الوصل) دێنێ و دەیکاتە دەستپێك بۆئەوەی بتوانێ پیتە ساکینەکە دەربڕێت ، بۆیە ئەم هەمزەیە ناونراوە بە هەمزەی (الوصل) .

بەڵام وشەکەی پێشی بدەیتە دەمی پیتە ساکینەکە ئەوا هەمزەی وەصلەکە ناخوێندرێتەوە . وەك: (هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ) .

پ: هەمزەی وەصل لە چ شوێنێکدا دەبێت ؟

و: لە ناو و کردار و پیتدا دەبێت .

پ: چۆن هەمزەی وەصل دەست پێ دەکرێت لە ناودا ؟

و: بە کەسرە دەستی پێ دەکرێت لە حەوت ناوی قورئاندا ، ئەمەش بەشێوەیەکی (سماعی) بیستراو بریتین لە :-

1- (ابن) نموونەکەی (عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ) .

2- (ابنت) نموونەکەی (وَمَرْيَمَ ٱبْنَتَ عِمْرَٰنَ) .

---

[1] واتە حەرەکەکەی دەکەن بە سکون و لە سەری دەوەستن

3- (امرؤ) نموونەکەی (إِنِ ٱمۡرُؤٌاْ هَلَكَ) .

4- (امْرَأتَ) نموونەکەی (ٱمۡرَأَتُ عِمۡرَٰنَ)

5- (اثنين) نموونەکەی (لَا تَتَّخِذُوٓاْ إِلَٰهَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ) .

6- (اثنتين) نموونەکەی (ٱثۡنَتَا عَشۡرَةَ) .

7- (اسم) نموونەکەی (بِكَلِمَةٖ مِّنۡهُ ٱسۡمُهُ) .

جگە لەم ناوانەش رەچاوی هاوشێوەکانیان دەکرێت ، نموونە لە چاوگی کردارەکان کە لە پێنج پیت یان شەش پیت پێکدێت .

(ٱفۡتِرَآءً) لەم فەرموودەیەی خوای بەرز و بڵندا (ٱفۡتِرَآءً عَلَى ٱللَّهِ) .

(ٱسۡتِكۡبَارًا) لەم فەرموودەیەی خوای بەرز و بڵندا (وَٱسۡتَكۡبَرُواْ ٱسۡتِكۡبَارًا) .

پ: چۆن دەست دەکرێت بە خوێندنەوەی هەمزەی وەصل لە کرداردا ؟

و: ئەگەر هەمزەی وەصل بچێتە سەرکردار ئەوا رەچاوی حەرەکەی سەر سێیەم پیت دەکرێت .

- ئەگەر پیتی سێیەم کەسرە یان فەتحەی هەبێت تۆش کەسرە بۆ هەمزە وەصلەکە دادەنێیت .

وەك: (ٱهۡدِنَا ، ٱكۡشِفۡ ، ٱرۡجِعُوٓاْ ، ٱسۡتَعِينُواْ ، ٱسۡتَحۡوَذَ ،ٱقۡتَرَبَ) .

هەروەها ئەگەر لە بنچینەدا کردارەکە سێیەم پیتی کەسرەی هەبێت ئەوا هەر کەسرەکە وەردەگرێتەوە بە رەچاو کردنی بنچینەکەی ، ئەمەش لە چوار کرداردا جێبەجێ دەبێت لە قورئاندا : (ٱمۡشُواْ ،ٱئۡتُونِي[1] ،ٱبۡنُواْ ، ٱقۡضُوٓاْ) .

---

[1] بێگومان وشەی (ائْتُونِي) دەخوێندرێتەوە بە (إِيْتُونِي) بە گۆڕینی هەمزەی دووەم بە (ياء) ئەگەر لێیەوە دەست بە خوێندنەوە بکرێت چونکە یاساکە بەم شێوەیە (ئەگەر دوو هەمزە بگەن بە یەك و دووەمیان سکونی هەبێت لە یەك وشەدا ئەوا هەمزەی دووەم دەگۆڕێت بۆ پیتی (علة) حەرەکەکەش لە شێوەی حەرەکەی هەمزەکەی پێشی دەبێت).

هەر بەم شێوەیە وشەی (أُوتمن) دەخوێندرێتەوە بە (أُوتمن) بە گۆڕینی هەمزەی دووەم بە (واو) ئەگەر لێوەی دەست پێبکرێت .

چونکە بنچینەی ئەم وشانە بەم شێوەیەیە : (امْشیوا ، ائْتیونِي ، ابْنیوا ، اقْضیواْ) .

هەمزەی وەصل دەکرێت بە ضە ممە ئەگەر سێیەم پیتی ووشەکە ضە ممە لە سەر بێت

وەك (ٱشْكُرْ ،ٱسْكُنْ ، ٱتْلُ ،ٱجْتُثَّتْ ، ٱضْطُرَّ)

پ: چۆن هەمزەی وەصڵ لەسەرەتای پیتەوە دەخوێندرێتەوە ؟

وەك (ٱلْقَمَرَ ، ٱلرَّحْمَٰنُ ، ٱلَّذِى ، ٱلَّتِى)

و: پیتەکان هەمزەی وەصڵ نەچۆتە سەریان تەنها پیتی لام نەبێت ، یاساکەی ئەوەیە بە فەتحە بخوێندرێتەوە .

پ: یاسای هەمزەی وەصڵ چییە گەر پێش هەمزەی پرسیار (استفهام) بکەوێت ؟

و:یاساکەی بریتیە لە 1- **پێویستە هەزەی وەصڵەکە لابرێت وەك**

(أَتَّخَذْتُمْ ، أَطَّلَعَ ، أَفْتَرَىٰ ، أَصْطَفَى ، أَتَّخَذْنَـٰهُمْ ، أَسْتَكْبَرْتَ ، أَسْتَغْفَرْتَ)

چونکە بنچینەی ئەم وشانە بەم شێوەیەیە :-


(أَإِتَّخَذْتُم ، أَإِطَّلَعَ ، أَإِفْتَرَى ، أَإِصْطَفَى ، أَإِتَّخَذْنَاهُمْ ، أَإِسْتَكْبَرْتَ ، أَإِسْتَغْفَرْتَ)

2- **پێویستە هەمزەی وەصڵ بمێنێتەوە و لانەبرێت ئەگەر لەدوای هەمزەی وەصڵەوە (لام) بێت ، بەڵام بەڕەوانی دەرنابڕدرێت بەڵکو بە دوو شێوە دەخوێندرێتەوە :**

یەکەم : گۆڕینی بە ئەلیف بە تەواوی درێژ دەکرێتەوە .

دووەم: بەشێوەی دەربڕینێکی ئاسانکراو لەنێوان (هەمزە و ئەلیفدا) .

ئەمەش لە سێ وشەدا دیارە و بریتین لە : (ءَآلذَّكَرَيْنِ ، ءَآلْـَٰٔنَ ، ءَآللَّهُ)


هەمـــزەی وەصل
ناوەکان
کردارەکان
پیتەکان
کەسرەدار
فەتحە دار
کەسرەدار
ئەگەر سێیەمی کردارەکە کەسرەدار
یان فەتحەدار بێت
ضـــــە ممە دار
(ئەگەر سێیەمی کردارەکە ضەممەدار
بێت)

بەیەك گەیشتنی دوو پیتی سكوندار :

پ: یاسای دوو پیتی سكوندار چییە لەكاتی بەیەككەیشتنیان دا ؟

و: بەیەك گەیشتنی دوو سكوندار دوو جۆرە :-

جۆری یەكەم: بەلابردنی پیتی یەكەمی سكوندار لەگەڵ لابردنی هەمزەی وەصل كە ئەكەوێتە نێوان دوو پیتە سكوندارەكەوە بەمەرجێك سكونداری یەكەم پیتی مەدد بێت .

نموونە بۆ ئەمەش: (فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ) چونكە پیتی مەددەكە كە لە كۆتایی ووشەی (ذَاقَا) گەیشتووە بە پیتێكی سكونداری تر كە پیتی لامە (لام التعريف) لە ووشەی دووەم كە تێكەڵكێش بووە كە لەگەڵ پیتی شیندا لە وشەی (ٱلشَّجَرَةَ) بەیەككەیشتنی ئەم دوو سكوندارە دەبێتە هۆی نەخوێندنەوەی پیتی مەددەكەی وشەی یەكەم ، دەربڕینەكەی بەم شێوەیە دەبێت (ذَاقَ الشَّجَرَةَ) ئەمە لەكاتی گەیاندنی وشەی یەكەم بە دووەم ، بەڵام ئەگەر بوەستین لەسەر وشەی یەكەم (ذَاقَا) ئەوا ئەلیفەكە دەردەبڕدرێت .

نموونەی تر : - (وَيُنَجِّى ٱللَّهُ) .

(رَّبَّنَا ٱكۡشِفۡ عَنَّا ٱلۡعَذَابَ) .

(فَإِن كَانَتَا ٱثۡنَتَيۡنِ) .

(وَقَالَا ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ) .

جۆری دووەم: ئەمەش بەگۆڕینی یەكەم پیتی سكوندار دەبێت بە حەرەكەیەكی ناچاری لەگەڵ لابردنی هەمزەی وەصل كە دەكەوێتە نێوان دوو پیتە سكوندارەكەوە . مەرجە لەم جۆرەدا كە پیتی سكونداری یەكەم پیتی مەد نەبێت و بدرێتە دەم ووشەی دووەم كە پیتە ساكینەكەی تێدایە .

نموونە بۆ ئەمە: (لَقَدِ اسْتَكْبَرُوا) پیتی (دال) ی ووشەی (لَقَدِ) لە بنچینەدا سكونی هەبووە و گەیشتووەبە پیتێكی ساكینی تر كە پیتی سینە لە ووشەی (اسْتَكْبَرُوا) بە بەیەككەیشتنی ئەم دووپیتە سكوندارە ناچارمان دەكات یەكەم پیتیان حەرەكەی بۆ بكەین . نموونەی تر : (أَمِ ٱرۡتَابُوٓاْ) . (وَقُلِ ٱعۡمَلُواْ) . (قُلِ ٱلله) .

وەستان و دەستپێکردن

پ: شوێنی وەستانەکان کە قورئان خوێن لەسەری دەوەستێت بۆ چەند بەش دابەش دەبێت ؟

و: بۆ چوار بەش دابەش دەبێت:- تەواو و دروست و باش و نادروست .

پ: وەستانی تەواو (التام) چییە ؟

و: بریتییە لە وەستان لەسەر وشەیەك کە دوای خۆی پەیوەندی پێوە نەبێت نە لە دەربڕیندا و نە لە ماناد‌ا ، وەك وەستان لەسەر ئەم ووتەی خوای بەرز و بڵند (ٱلۡمُفۡلِحُونَ)لەسەرەتای سورەتی بەقەرەوە .

پ: وەستانی دروست (الكافي) چییە ؟

و: بریتییە لە وەستان لەسەر وشەیەك کە دوای خۆی پەیوەندی پێوەی نییە لەدەربڕین (لفظ) دا ، تەنها لە ماناد‌ا پەیوەندی پێوە هەیە . وەك وەستان لەسەر فەرموودەی خوای بەرز و بڵند ((لَا يُؤۡمِنُونَ) لەسەرەتای سورەتی بەقەرەدا ، چونکە لەگەڵ دوای خۆیدا کە (خَتَمَ ٱللَّهُ) پەیوەندی بە کافرەکانەوە هەیە.

پ: وەستانی باش (الحسن)چییە ؟

و: بریتییە لە وەستان لەسەر وشەیەك کە دوای خۆی پەیوەندی پێوەی هەیە لەدەربڕین و مانادا ، بەڵام لە شوێنی وەستانەکەیشدا مانایەکی ویستراو دەدات . وەك وەستان لەسەر (ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ) دروستە وەستان لەسەری بەڵام باش نییە دوای خۆی بکەیتە سەرەتای دەستپێکردنی خوێندنەوەکەت .

پ: وەستانی نادروست (القبيح) چییە ؟

و: بریتییە لە وەستان لەسەر وشەیەك کە دوای خۆی پەیوەندی پێوەی هەیە لە ماناو دەربڕیندا ، وە لە شوێنی وەستانەکەشدا مانایەکی نەویستراو دەبەخشێت وەك وەستان لەسەر دەربڕینی (ٱلۡحَمۡدِ) لە (ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ) دا ، وە وەستان لەسەر (لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ) دا .

پ: دەستپێکردن بۆ چەند شێوە دابەشدەبێت ؟

و: دەستپێکردن دابەشدەبێت بۆ دوو شێوە :- شێوازێکی دروست

:- شێوازێکی نادروست (الابتداء القبيح) .

پ: دەستپێکردنی دروست کامەیە ؟

و: بریتییە لە دەستپێکردن بە وشەیەکی سەربەخۆ لە مانادا ، مانایەك دەگەیەنێت خوای بەرز و بڵند ویستویەتی و پێچەوانەی ویستی خوا نییە ، ئەمەش وەك دەستپێکردن لەدوای وەستانی دیاری کراوەوە .

پ: دەستپێکردنی نادروست کامەیە ؟

و: بریتییە لەو دەستپێکردنە کە واتا ویستراوەکە ناهێڵێ یان تێکی دەدات یان دەیگۆڕێت ، ئەمەش دوو بەشە کە جیاوازن لە دروستیاندا :-

یەکەم:- وەك ئەوەی قورئان خوێن بە وشەیەك دەستپێبکات کەپەیوەندی بە پێش خۆیەوە هەبێت لە دەربڕین و مانادا وەك (أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ).

دووەم:- دەست پێکردن بە وشەیەك کە ویستی خوای پاك و بێگەردی لەسەر نییە ، یان مانایەك بگەیەنێت کە پێچەوانەی بیروباوەڕە .

وەك : (قَالُوٓاْ * ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدًا) .

(قَالُوٓاْ * إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٞ وَنَحۡنُ أَغۡنِيَآءُ) .

ڕەوم و ئیشمام (الروم و الاشمام)

پ: ڕەوم چییە ؟

و: بریتییە لە دەربڕینی بەشێکی حەرەکە بە دەنگێکی نزم کە نزیك بیبیستێ و دوور نەیبیستێ بە ئەندازەی سێیەکی جووڵەیەکە . ڕەومیش لەباری (مەرفوع و مە ضموم و مەجرور و مەکسور)دا دەبێت .

نموونە بۆ مەرفوع : (إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ) .

مە ضمومیش: (مِّنۡ حَيۡثُ) .

مە جروریش : (ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) .

مە کسوریش : (هَٰٓؤُلَآءِ) .

پ: ئیشمام چییە ؟

و: بریتییە لە خڕکردنەوەی هەردوو لێو بۆ ماوەیەکی کەم بەدوای دەربڕینی سکوندا بەشێوەیەك نابینا هەستی پێ ناکات بە پێچەوانەی بیناوە ، ئەمەش تەنها لە کاتی مەرفوعی و ضەممەداریدا دەبێت .

وە پێویستە ئیشمام بکرێت لەسەر نوونی دووەم لە وشەی **(تَأۡمَنَّا)** لە سورەتی (یوسف) دا بۆئەوەی پیشانی بدات کە یەکێك لە دوو نوونەکە لابراوە لە **(تَأۡمَنَّا)**.

- ئەگەر وەستاین لەسەر وشەی **(ٱلرَّحِيمِ)** چوار شێوە خوێندنەوەی هەیە سیانیان بە سکونی ڕووتە کە :-

1- کورت .

2- مامناوەند .

3- درێژ .

4- بەردەوام لەگەڵ کورتدا .

- ئەگەر لەسەر ووشەی **(نَسۡتَعِينُ)** وەستاین ئەوا حەوت شێوە خوێندنەوەی هەیە کە بریتییە لە :-

1- کورت .

2- مامناوەند .

3- درێژ .

4- ڕەوم لەگەڵ کورت .

5- ئیشمام لەگەڵ کورت .

6- ئیشمام لەگەڵ مامناوەند .

7- ئیشمام لەگەڵ درێژ .

تێبینی: ڕەوم و ئیشمام ڕووناداات لە مەنصوب و فەتحەدار و (تاء التأنيث) یش كاتێ كە لەسەری بوەستی بە (هاء) وەك (ٱلۡجَنَّةُ ، ٱلۡقِبۡلَة) بە پێچەوانەی ئەوەی كە بە (تاء) لەسەری دەوەستی . ئەوانەش نا كە ساكنن لە گەیاندندا

وەك: (فَلَا تَنۡهَرۡ) وە میمی كۆ (ميم الجمع) ش ڕەوم و ئیشمامی تیدا نییە .

پیتی تای كراوە (ت) و تای خڕكراو (ة)

پ: وەستان لەسەر (ت) كراوە و (ة) خڕكراو چۆنە ؟

و: ئەو پیتی (تاء) ەی كە بۆ ڕەگەزی مێیینە بەكاردێ كە لەشێوەی پیتی بزوێنی بچوكی كوردیدایە و دوو خاڵی لەسەرە (ة) كاتێك كە لەسەری بوەستین بە (هاء) دەخوێندرێتەوە . وەك :(رَبۡوَة ، دَعۡوَة).

هەروەها ئەو (تاء) ە ش كە بۆ ڕەگەزی مێینە بەكاردێ و لە شێوەی پیتی (ت) ی كوردیدا دەنوسرێت . كاتێك لەسەری بووەستین بە (تاء) دەخوێندرێتەوە .

وەك(رَحۡمَتُ).

بێدەنگ بوونەكان لە قورئاندا

پ: بێدەنگ بوونەكان چییە و ئەندازەكەی چەندە ؟

و: بێدەنگ بوون (السكت) : بریتییە لە بێدەنگ بوونێك لە قورئان خوێندندا بەبێ هەناسەدان ، ئەندازەی دوو جووڵە ، ئەمەش بۆ پاراستنی ماناكەیە لە تێكەڵ بوون و ناڕوونی لە دوو وشەدا یان لە دوو ڕستەدا كە بێدەنگبوون (السكت) دەكەوێتە نێوانیانەوە .

پ: لەچەند شوێندا بێدەنگبوون دەبێت ؟

و: لە چوار شوێندا بێدەنگ دەبین چونكە پێویستە :-

1. (وَلَمۡ يَجۡعَل لَّهُۥ عِوَجَاۜ ۝١ قَيِّمٗا) سورەتی الكهف .
2. (مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرۡقَدِنَاۜ هَٰذَا) سورەتی يس .
3. (وَقِيلَ مَنۡۜ رَاقٖ) سورەتی القيامة .
4. (كَلَّاۖ بَلۡۜ رَانَ) سورەتی المطففين .

وە لە دوو شوێندا دروستە :-

1- (مَالِيَهۡۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ) سورة الحاقة .

2- (إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ﴿٧٥﴾ بَرَآءَةٞ) لە نێوان کۆتای ئەنفال و سەرەتای تەوبەدا.

کڕنوشی قورئان خوێندن

پ: کڕنوشی قورئان خوێندن چییە و مەرجەکانی چین و شێوازەکەی چۆنە ؟

و: لە قورئانی پیرۆزدا چەند ئایەتێك هەیە پێی دەوترێت ئایەتی کڕنوش یان کڕنوشی قورئان خوێندن ، چونکە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) هەرکاتێك یەکێکیانی بخوێندایەتەوە کڕنوشی دەبرد و هاوەڵانیش لەگەڵیدا کڕنوشیان دەبرد .

مەرجەکانی : هەر شتێك کە مەرجی دروستی نوێژ بێت بە تەواوی لە (داپۆشینی شەرمگە و ڕووکردنە ڕوگە و پاکی پۆشاك و لاشە و شوێن لەگەڵ نیەت و بە بێ بوونی) لە گەڵ بوونی ڕای جیاواز لە نێوان زاناکاندا .

یاساکەشی : پێویست (واجب)ە لەسەر قورئان خوێن و گوێ گرەکەشی لای حەنەفییەکان ، وە سونەتە لای مالیك و شافعی و ئەحمەد .

شێوازەکەشی : لای حەنەفییەکان یەك کڕنوشە لە نێوان دوو (ألله أكبر) وتندا ، بێ سەلامدانەوە و تەشەهود خوێندن و (ألله أكبر)ی ئیحرام . بەڵام لای شافعییەکان مەبەست هێنان بە زمان لەگەڵ (ألله أكبر) ی ئیحرام پاشان یەك کڕنووش لەنێوان دوو (ألله أكبر) کردندا ، وە دانیشتنێکی بێ خوێندنی تەشەهود لەگەڵ سەلام دانەوەدا .

ژمارەی ئەم کڕنووشانەش چواردە ئایەتە لە (الاعراف) و (الرعد) و (النحل) و (الاسراء) و (مريم) و (الحج) ، (الفرقان) و (النمل) و (السجده) و (الصاد) و (فصلت) و (النجم) و (الانشقاق) و (العلق) .

ووتنی (اللّٰه أكبر)

پ: حوكمی ووتنی (اللّٰه أكبر) لە خەتمكردنی قورئاندا چییە ؟

و: ووتنی (اللّٰه أكبر) لە خەتمكردنی قورئاندا سوننەتە .

پ: هۆكاری ووتنی (اللّٰه أكبر) چییە ؟

و: هۆكارەكەی دواكەوتنی سروش بوو بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ چەند ڕۆژێك ، هاوبەش پەیداكەران ووتیان (پەروەردگاری موحەممەد ﷺ وازی لێهێناوە و لێی تورە بووە) ، جیبریل هات بۆ لای و سورەتی (الضحى) ی بەسەردا خوێندەوە ، پێغەمبەریش ﷺ ووتی : (اللّٰه أكبر) .

پ: شێوازی (اللّٰه أكبر) چۆنە ؟

و: ئەوەی دەوترێت (الله اكبر) ە كە لە پێش (بسم الله) وە دەوترێت ، وە وتراویشە (لا اله الا الله والله اكبر) ، هەندێ تر زیاد لەمە (و لله الحمد) یان لە گەڵیدا ووتووە ، واتە دەڵێ (لا اله الا الله والله اكبر ولله الحمد).

چەند تێبینییەك لە ڕیوایەتی حەفص

پ: ئەو تایبەت مەندیانە چین كە پێویستە ڕەچاوی بكەین لە ڕیوایەتی حەفصدا ؟

و: پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكەین:-

1- هەمزەی دووەمی وشەی (ءَاۡعۡجَمِي)بە (تسهيل) خوێندووەتەوە لە سورەتی (فصلت) دا .

2- ئەلیفی دوای (راء) ەكەی لە وشەی (مَجۡرِىٰهَا) ی بە (اماله) خوێندۆتەوە .

3- بە فەتحە و ضەممە پیتی (ضاد) ی لە ووشەی (ضَعۡفٖ) دا لەهەرسێ شوێنەكەی سورەتی (الروم) دا خوێندۆتەوە .

4- بە (سین)وبە (صاد) وشەی(ٱلۡمُصَيۡطِرُونَ)ی خوێندۆتەوە لە سورەتی (الطور)دا

5- لە شەش شوێندا بێدەنگ (سكتات) بووە وەك لە پێشەوە ڕوونمان كردوەتەوە

ئادابەکانی خوێندنی قورئان

بۆ خوێنەری قورئانی پیرۆز چەند ڕەوشتێکی جوان هەیە دەبێت خۆی پێ برازێنێتەوە و پابەندبێت پێوەی لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا ، وە دەبێت بزانین کە ڕەوشتەکان دوو جۆرن ، جۆرێکیان ئاشکرا و دیارە ، جۆرێکیشیان نادیارە و لە دڵ و دەرووندایە .

ئەو ڕەوشتانەی هی دڵ و دەروونە (دە) دانەیە :–

1– تێگەیشتن لە بنچینەی ئەم قورئانە : واتە هەستکردن بە گەورەیی ئەم وتە خوێندراوە و بەرزە و بە چاکەی خوای پاك و بەرز و بەسۆزی بەرامبەر بە دروستکراوەکانی بزانی کە ڕووی دواندنی تێکردوون ، بەم وتە پیرۆزانە .

2– بە گەورە گرتن : واتە گەورەیی قورئان لە دڵتدا بێت و هەست بکەیت ئەوەی دەیخوێنیتەوە وتەی دروستکراوەکان نییە .

3– دڵ ئامادە بوون : واتە دەرپەڕاندنی ئەوەی نەفس بە دەرووندا دەیهێنێت .

4– وورد بوونەوە : واتە هەوڵدان بۆ وەرگرتنی ماناکانی .

5– تێگەیشتن: واتە ئاوێتە بوون لەگەڵ هەر ئایەتێکدا بەو شێوەیەی کە شایەنێتی.

6– تایبەتکردن : واتە قورئان خوێن هەست بکات کە ووتەکانی قورئان ڕووی لە خودی ئەو کەسەیە ، پێویستە وا بیخوێنێتەوە چۆن بەندەیەك لە خاوەنەکەی خۆیەوە نوسراوێکی بۆ بێت کە داوای کردنی چەند شتێکی لێبکات و ئاگاداری بکات کە چەند شتێك نەکات .

7– کارتێکردن : وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ هەر ئایەتێك کە دەیخوێنێتەوە ، جا لەکاتی هەڕەشەکاندا کز و لاواز بێت لە ترسدا ، وە لەکاتی مژدەکاندا دڵخۆش بێت، شەوقی بەهەشت دڵخۆشی بکات لەکاتی باسکردنیدا وە ڕابچەڵەکێت لە کاتی باسکردنی ئاگردا .

8– بەرز بوونەوە : بە دڵ و دەروونێکەوە قورئان بخوێنێتەوە وەك ئەوەی بۆ خوای گەورەی بخوێنێتەوە ، لە دەروونەوە وا هەست بکات خوای گەورە بۆی دەڕوانێ و بۆی دەدوێ بە چاکەی خۆی و بە سۆز و میهرەبانی .

9- خۆ پاك كردنەوە: خۆ پاك كردنەوە لە هۆكارەكانی تێنەگەیشتن (وەك : بەردەوامی لەسەر تاوان و خۆ بەگەورە زانین و زۆر خۆشەویستی دنیا) وە خۆپاككردنەوە لەو بڕوایەی كە ئایەتەكانی قورئان مانایەكی سنووورداری هەیە

10-خۆ دوور گرتن : بریتییە لەوەی پشت نەبەستی بە توانا و هێزی خۆت چونكە هێز و توانا بەهۆی خوای گەورەوەیە . (لا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم).

بەڵام ڕەوشتەئاشكراكان بریتین لە :-

پاك و خاوێن بوون و پاكی شوێن و لەبەركردنی پۆشاكی جوان و پاككردنەوەی دەم و ڕوكردنە ڕووگە (قیبلە) و دانیشتن بە هێمنی و ویقارەوە ، وە خوێندنەوە بە پێی ڕیزبەندی سورەتەكانی قورئان و ئامادەبوونی خەم و گریان .

پاڕانەوەی خەتمی قورئان

گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ ڕەوشتی وابووە کە خەتمی قورئانی بکردایە ئەوا قورئانی لەسەرەتای سورەتی بەقەرەوە دەخوێندەوە جارێکی تر تا ئەم فەرموودەیەی خوای بەرز و بڵند (هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ) ، وە گێڕدراوەتەوە کە خەتمکاری قورئان پاڕانەوەیەکی وەڵامدراوەی هەیە بۆیە سوننەتە قورئان خوێن لەکاتی خەتمی قورئاندا ئەو پاڕانەوەیە بکات کە دەیەوێ ، لەو پاڕانەوانەش کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە لەدوای خەتمی قورئانی پیرۆز :-

(أللهم إنا عبدُكَ وأبناء عبيدك وأبناء امائك ، ناصيتنا بيدك ، مايضٍ فينا حكمك عدل فينا قضائك ، نسألك بكل اسم هو لك سميت به نفسك ،أوأنزلته في كتابك أو علمته أحداً من خلقك ، أو استأثرت به في علم الغيب عندك أن تجعل القرآن العظيم ربيع قلوبنا، و نور أبصارنا وشفاء صدورنا ، وجلاء أحزاننا وذهاب همومنا ، وسائقنا وقائدنا إليك وإلى جناتك جنات النعيم ، ودارك دار السلام ، مع الذين أنعمت عليهم من النبيين و الصديقين و الشهداء و الصالحين .

أللهم أجعله لنا شفاءً و هدى و إماماً ورحمة ، وأرزقنا تلاوته على النحو الذي يرضيك عنا ، ولا تجعل لناذنباً إلا غفرته ، ولا هماً إلا فرجته ، ولا ديناً إلا قضيته ، ولا مريضاً إلا شفيته ، ولا غائبا إلا رددته ، ولا عاصياً إلا عصمته ، ولا فاسداً إلا أصلحته ولا ميتاً إلا رحمته ، ولا عيباً إلا سترته ، ولا عسيراً إلا يسرته ، ولا حاجة من حوائج الدنيا و الآخرة لك فيها رضا ولنا فيها صلاح إلا أعنتنا على قضائها في يسر منك و عافية يا أرحم الراحمين .

(وصلى الله على سيدنا محمد و على أله وصحبه وسلم).

مَنْظُومَةُ الْمُقَدِّمَهْ

فِيمَا يَجِبُ عَلَىٰ قَارِئِ الْقُرْآنِ أَنْ يَعْلَمَهْ

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

يَقُولُ رَاجِي عَفْوِ رَبٍّ سَامِعِ   مُحَمَّدُ ابْنُ الْجَزَرِيِّ الشَّافِعِي

الْحَمْدُ لِلَّهِ وَصَلَّى اللهُ   عَلَىٰ نَبِيِّهِ وَمُصْطَفَاهُ

مُحَمَّدٍ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ   وَمُقْرِئِ الْقُرْآنِ مَعْ مُحِبِّهِ

وَبَعْدُ: إِنَّ هَـٰذِهِ مُقَدِّمَهْ(١)   فِيمَا عَلَىٰ قَارِئِهِ أَنْ يَعْلَمَهْ

إِذْ وَاجِبٌ عَلَيْهِمُ مُحَتَّمُ   قَبْلَ الشُّرُوعِ أَوَّلاً أَنْ يَعْلَمُوا

مَخَارِجَ الْحُرُوفِ وَالصِّفَاتِ   لِيَلْفِظُوا بِأَفْصَحِ اللُّغَاتِ

مُحَرِّرِي التَّجْوِيدِ وَالْمَوَاقِفِ   وَمَا الَّذِي رُسِمَ فِي الْمَصَاحِفِ

مِنْ كُلِّ مَقْطُوعٍ وَمَوْصُولٍ بِهَا   وَتَاءِ أُنْثَىٰ لَمْ تَكُنْ تُكْتَبْ بِـ: هَا

[بَابُ مَخَارِجِ الْحُرُوفِ]

مَخَارِجُ الْحُرُوفِ سَبْعَةَ عَشَرْ   عَلَى الَّذِي يَخْتَارُهُ مَنِ اخْتَبَرْ

لِلْجَوْفِ: أَلِفٌ وَأُخْتَاهَا، وَهِي   حُرُوفُ مَدٍّ لِلْهَوَاءِ تَنْتَهِي(١٠)

ثُمَّ لِأَقْصَى الْحَلْقِ : هَمْزٌ هَاءُ   وَمِنْ وَسَطِهِ : فَعَيْنٌ حَاءُ

أَدْنَاهُ : غَيْنٌ خَاؤُهَا ، وَالْقَافُ :   أَقْصَى اللِّسَانِ فَوْقُ ، ثُمَّ الْكَافُ

أَسْفَلُ ، وَالْوَسْطُ : فَجِيمُ الشِّينُ يَا   وَالضَّادُ : مِنْ حَافَتِهِ إِذْ وَلِيَا

الَاضْرَاسَ مِنْ أَيْسَرَ أَوْ يُمْنَاهَا   وَاللَّامُ : أَدْنَاهَا لِمُنْتَهَاهَا

وَالنُّونُ : مِنْ طَرَفِهِ تَحْتُ اجْعَلُوا   وَالرَّا : يُدَانِيهِ لِظَهْرٍ أَدْخَلُ

وَالطَّاءُ وَالدَّالُ وَتَا : مِنْهُ وَمِنْ   عُلْيَا الثَّنَايَا ، وَالصَّفِيرُ : مُسْتَكِنّ

مِنْهُ وَمِنْ فَوْقِ الثَّنَايَا السُّفْلَى   وَالظَّاءُ وَالذَّالُ وَثَا : لِلْعُلْيَا

مِنْ طَرَفَيْهِمَا ، وَمِنْ بَطْنِ الشَّفَهْ :   فَالْفَا مَعَ اطْرَافِ الثَّنَايَا الْمُشْرِفَهْ

لِلشَّفَتَيْنِ : الْوَاوُ بَاءٌ مِيمُ   وَغُنَّةٌ : مَخْرَجُهَا الْخَيْشُومُ

[بَابُ صِفَاتِ الْحُرُوفِ]

(٢٠)
صِفَاتُهَا : جَهْرٌ وَرِخْوٌ مُسْتَفِلْ   مُنْفَتِحٌ مُصْمَتَةٌ ، وَالضِّدَّ قُلْ

مَهْمُوسُهَا: فَحَثَّهُ شَخْصٌ سَكَتْ شَدِيدُهَا لَفْظُ: أَجِدْ قَطٍ بَكَتْ

وَبَيْنَ رِخْوٍ وَالشَّدِيدِ: لِنْ عُمَرْ وَسَبْعُ عُلْوٍ: خُصَّ ضَغْطٍ قِظْ حَصَرْ

وَصَادُ ضَادٌ طَاءُ ظَاءٌ: مُطْبَقَهْ وَفَرَّ مِنْ لُبِّ: الْحُرُوفُ الْمُذْلَقَهْ

صَفِيرُهَا: صَادٌ وَزَايٌ سِينُ قَلْقَلَةٌ: قُطْبُ جَدٍ، وَاللِّينُ

وَاوٌ وَيَاءٌ سُكِّنَا، وَانْفَتَحَا قَبْلَهُمَا، وَالِانْحِرَافُ: صُحِّحَا

فِي اللَّامِ وَالرَّا، وَبِتَكْرِيرٍ جُعِلْ وَلِلتَّفَشِّي: الشِّينُ، ضَاداً: اسْتَطِلْ

[بَابُ التَّجْوِيدِ]

وَالْأَخْذُ بِالتَّجْوِيدِ حَتْمٌ لَازِمُ مَنْ لَمْ يُصَحِّحِ الْقُرَانَ آثِمُ

لِأَنَّهُ بِهِ الْإِلَهُ أَنْزَلَا وَهَكَذَا مِنْهُ إِلَيْنَا وَصَلَا

وَهُوَ أَيْضاً حِلْيَةُ التِّلَاوَةِ وَزِينَةُ الْأَدَاءِ وَالْقِرَاءَةِ

وَهُوَ: إِعْطَاءُ الْحُرُوفِ حَقَّهَا مِنْ كُلِّ صِفَةٍ وَمُسْتَحَقَّهَا (٣٠)

وَرَدُّ كُلِّ وَاحِدٍ لِأَصْلِهِ … وَاللَّفْظُ فِي نَظِيرِهِ كَمِثْلِهِ

مُكَمَّلاً (٢) مِنْ غَيْرِ مَا تَكَلُّفِ … بِاللُّطْفِ فِي النُّطْقِ بِلَا تَعَسُّفِ

وَلَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ تَرْكِهِ … إِلَّا رِيَاضَةُ امْرِئٍ بِفَكِّهِ

[بَابٌ فِي ذِكْرِ بَعْضِ التَّنْبِيهَاتِ]

فَرَقِّقَنْ مُسْتَفِلاً مِنْ أَحْرُفِ … وَحَاذِرَنْ تَفْخِيمَ لَفْظِ الْأَلِفِ (٣)

وَهَمْزَ: اَلْحَمْدُ أَعُوذُ اِهْدِنَا … اَللهُ، ثُمَّ لَامَ: لِلَّهِ لَنَا

وَلْيَتَلَطَّفْ وَعَلَى اللهِ وَلَا الضْ … وَالْمِيمَ مِنْ: مَخْمَصَةٍ وَمِنْ مَرَضْ

وَبَاءَ: بَرْقٍ، بَاطِلٍ، بِهِمْ، بِذِي … وَاحْرِصْ عَلَى الشِّدَّةِ وَالْجَهْرِ الَّذِي

فِيهَا وَفِي الْجِيمِ كَـ: حُبِّ، الصَّبْرِ … رَبْوَةٍ، اجْتُثَّتْ، وَحَجٍّ، الْفَجْرِ

وَبَيِّنَنْ مُقَلْقَلاً (٤) إِنْ سَكَنَا … وَإِنْ يَكُنْ فِي الْوَقْفِ كَانَ أَبْيَنَا

وَحَاءَ: حَصْحَصَ، أَحَطتُ، الْحَقُّ … وَسِينَ: مُسْتَقِيمِ، يَسْطُو، يَسْقُو (٤٠)

[بَابُ الرَّاءَاتِ]

وَرَقِّقِ الرَّاءَ إِذَا مَا كُسِرَتْ   كَذَاكَ بَعْدَ الْكَسْرِ حَيْثُ سَكَنَتْ

إِنْ لَمْ تَكُنْ مِنْ قَبْلِ حَرْفِ اسْتِعْلَا   أَوْ كَانَتِ الْكَسْرَةُ لَيْسَتْ أَصْلَا

وَالْخُلْفُ فِي: فِرْقٍ؛ لِكَسْرٍ يُوجَدُ   وَأَخْفِ تَكْرِيراً إِذَا تُشَدَّدُ

[بَابُ اللَّامَاتِ وَأَحْكَامٍ مُتَفَرِّقَةٍ]

وَفَخِّمِ اللَّامَ مِنِ اسْمِ ﴿اللهِ﴾   عَنْ فَتْحٍ اَوْ ضَمٍّ كَـ: عَبْدُ اللهِ

وَحَرْفَ الِاسْتِعْلَاءِ فَخِّمْ، وَاخْصُصَا   الِاطْبَاقَ أَقْوَىٰ نَحْوُ: قَالَ وَالْعَصَا

وَبَيِّنِ الْإِطْبَاقَ مِنْ: أَحَطتُ، مَعْ   بَسَطتَ وَالْخُلْفُ بِـ: نَخْلُقكُّمْ وَقَعْ

وَاحْرِصْ عَلَى السُّكُونِ فِي جَعَلْنَا   أَنْعَمْتَ وَالْمَغْضُوبِ مَعْ ضَلَلْنَا

وَخَلِّصِ انْفِتَاحَ: مَحْذُورًا، عَسَىٰ   خَوْفَ اشْتِبَاهِهِ بِـ: مَحْظُورًا، عَصَىٰ

وَرَاعِ شِدَّةً بِكَافٍ وَبِتَا   كَـ: شِرْكِكُمْ وَتَتَوَفَّىٰ فِتْنَةَ

وَأَوَّلَيْ مِثْلٍ وَجِنْسٍ إِنْ سَكَنْ   أَدْغِمْ كَـ: قُل رَّبِّ وَ: بَل لَّا، وَأَبِنْ (٥٠)

فِي يَوْمِ، مَعْ: قَالُواْ وَهُمْ، وَ: قُلْ نَعَمْ   سَبِّحْهُ، لَا تُزِغْ قُلُوبَ، فَالْتَقِمْ

[بَابُ الضَّادِ وَالظَّاءِ]

وَالضَّادَ: بِاسْتِطَالَةٍ وَمَخْرَجِ   مَيِّزْ مِنَ الظَّاءِ، وَكُلُّهَا تَجِي

فِي: الظَّعْنِ ظِلِّ الظُّهْرِ عُظْمُ الْحِفْظِ   أَيْقِظْ وَأَنظِرْ عَظْمَ ظَهْرِ اللَّفْظِ

ظَاهِرْ لَظَىٰ شُوَاظُ كَظْمِ ظَلَمَا   اغْلُظْ ظَلَامَ ظُفُرِ انتَظِرْ ظَمَا

أَظْفَرَ، ظَنًّا كَيْفَ جَا، وَعِظْ سِوَىٰ   عِضِينَ، ظَلَّ النَّحْلِ زُخْرُفٍ سَوَا

وَظَلْتَ، ظَلْتُمْ، وَبِرُومٍ ظَلُّواْ   كَالْحِجْرِ، ظَلَّتْ شُعَرَا نَظَلُّ

يَظْلَلْنَ، مَحْظُورًا مَعَ الْمُحْتَظِرِ   وَكُنتَ فَظًّا، وَجَمِيعَ النَّظَرِ

إِلَّا بِـ: وَيْلٌ، هَلْ، وَأُولَىٰ نَاضِرَهْ   وَالْغَيْظُ لَا الرَّعْدُ وَهُودٌ قَاصِرَهْ

وَالْحَظُّ لَا الْحَضُّ عَلَى الطَّعَامِ   وَفِي ظَنِينٍ الْخِلَافُ سَامِي

(٦٠) وَإِنْ تَلَاقَيَا الْبَيَانُ لَازِمُ:   أَنقَضَ ظَهْرَكَ، يَعَضُّ الظَّالِمُ

وَ اضْطُرَّمَعْ وَعَظْتَمَعْ أَفَضْتُمُ ... وَصَفٌ هَا : جِبَاهُهُمْ عَلَيْهِمُ

[بَابُ النُّونِ وَالْمِيمِ الْمُشَدَّدَتَيْنِ وَالْمِيمِ السَّاكِنَةِ]

وَأَظْهِرِ الْغُنَّةَ مِنْ نُونٍ وَمِنْ ... مِيمٍ إِذَا مَا شُدِّدَا ، وَأَخْفِيَنْ

الْمِيمَ إِنْ تَسْكُنْ بِغُنَّةٍ لَدَىٰ ... بَاءٍ عَلَى الْمُخْتَارِ مِنْ أَهْلِ الْأَدَا

وَأَظْهِرَنْهَا عِنْدَ بَاقِي الْأَحْرُفِ ... وَاحْذَرْ لَدَىٰ وَاوٍ وَفَا أَنْ تَخْتَفِي

[بَابُ أَحْكَامِ النُّونِ السَّاكِنَةِ وَالتَّنْوِينِ]

وَحُكْمُ تَنْوِينٍ وَ نُونٍ يُلْفَىٰ : ... إِظْهَارٌ ، ادْغَامٌ ، وَقَلْبٌ ، إِخْفَا

فَعِنْدَ حَرْفِ الْحَلْقِ أَظْهِرْ ، وَادَّغِمْ ... فِي اللَّامِ وَ الرَّا لَا بِغُنَّةٍ لَزِمْ

وَأَدْغِمَنْ بِغُنَّةٍ فِي : يُومِنُ ... إِلَّا بِكِلْمَةٍ كَـ : دُنْيَا عَـنْوَنُوا

وَالْقَلْبُ عِنْدَ الْبَا بِغُنَّةٍ ، كَذَا ... الاخْفَا لَدَىٰ بَاقِي الْحُرُوفِ أُخِذَا

[بَابُ الْمَدِّ]

وَ الْمَدُّ : لَازِمٌ ، وَوَاجِبٌ أَتَىٰ ... وَجَائِزٌ ، وَهْوَ وَقَصْرٌ ثَبَتَا

فَلَازِمٌ : إِنْ جَاءَ بَعْدَ حَرْفِ مَدّ ... سَاكِنُ حَالَيْنِ ، وَبِالطُّولِ يُمَدّ (٧٠)

وَوَاجِبٌ : إِنْ جَاءَ قَبْلَ هَمْزَةِ   مُتَّصِلاً إِنْ جُمِعَا بِكِلْمَةِ
وَجَائِزٌ : إِذَا أَتَى مُنْفَصِلَا   أَوْ عَرَضَ السُّكُونُ وَقْفاً مُسْجَلَا

[بَابُ مَعْرِفَةِ الْوَقْفِ وَالِابْتِدَاءِ]

وَبَعْدَ تَجْوِيدِكَ لِلْحُرُوفِ   لَا بُدَّ مِنْ مَعْرِفَةِ الْوُقُوفِ
وَالِابْتِدَاءِ ، وَهْيَ تُقْسَمُ إِذَنْ   ثَلَاثَةً : تَامٌ ، وَكَافٍ ، وَحَسَنْ
وَهْيَ لِمَا تَمَّ : فَإِنْ لَمْ يُوجَدِ   تَعَلُّقٌ ـ أَوْ كَانَ مَعْنًى ـ فَابْتَدِي
فَالتَّامُ ، فَالْكَافِي ، وَلَفْظاً : فَامْنَعَنْ   إِلَّا رُؤُوسَ الْآيِ جَوِّزْ ، فَالْحَسَنْ
وَغَيْرُ مَا تَمَّ : قَبِيحٌ ، وَلَهُ   الْوَقْفُ مُضْطَرّاً ، وَيَبْدَا قَبْلَهُ
وَلَيْسَ فِي الْقُرْآنِ مِنْ وَقْفٍ يَجِبْ   وَلَا حَرَامٌ غَيْرُ مَا لَهُ سَبَبْ

[بَابُ الْمَقْطُوعِ وَالْمَوْصُولِ]

وَاعْرِفْ لِمَقْطُوعٍ وَمَوْصُولٍ وَتَا   فِي الْمُصْحَفِ الْإِمَامِ فِيمَا قَدْ أَتَى
فَاقْطَعْ بِعَشْرِ كَلِمَاتٍ : أَنْ لَا   مَعْ : مَلْجَأَ ، وَلَا إِلَـٰهَ إِلَّا (٨٠) (٥)

وَتَعْبُدُواْ يَاسِينَ ، ثَانِي هُودَ ، لَا   يُشْرِكْنَ ، تُشْرِكْ ، يَدْخُلَنْ ، تَعْلُواْ عَلَىٰ

أَن لَّا يَقُولُواْ ، لَا أَقُولَ . إِن مَّا :   بِالرَّعْدِ . وَالْمَفْتُوحَ صِلْ . وَعَن مَّا

نُهُواْ اقْطَعُوا . مِن مَّا : بِرُومٍ وَالنِّسَا[٦]   خُلْفُ الْمُنَافِقِينَ . أَم مَّنْ : أَسَّسَ

فُصِّلَتِ ، النِّسَا ، وَذِبْحٍ . حَيْثُ مَا .   وَأَن لَّمِ الْمَفْتُوحَ . كَسْرُ إِنَّ مَا :

الَانْعَامَ[٧] . وَالْمَفْتُوحَ : يَدْعُونَ مَعَا   وَخُلْفُ الَانْفَالِ وَنَحْلٍ وَقَعَا[٨]

وَ : كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ ، وَاخْتُلِفْ   رُدُّواْ[٩] . كَذَا قُلْ بِئْسَمَا ، وَالْوَصْلَ صِفْ

خَلَفْتُمُونِي وَاشْتَرَوْاْ . فِي مَا اقْطَعَا :   أُوحِي ، أَفَضْتُمْ ، اشْتَهَتْ ، يَبْلُو مَعَا

ثَانِي فَعَلْنَ ، وَقَعَتْ ، رُومٌ ، كِلَا   تَنزِيلُ ، شُعَرَا ، وَغَيْرَهَا صِلَا

فَأَيْنَمَا كَالنَّحْلِ : صِلْ ، وَمُخْتَلِفْ   فِي الشُّعَرَا الْأَحْزَابِ وَالنِّسَا وُصِفْ

وَصِلْ : فَإِلَّمْ هُودَ . أَلَّن نَّجْعَلَ   نَجْمَعَ . كَيْلَا تَحْزَنُواْ ، تَأْسَوْاْ عَلَىٰ (٩٠)

(١٠)
حَجٌّ ، عَلَيْكَ حَرَجٌ . وَقَطْعُهُمْ   عَن مَّن يَشَآءُ ، مَن تَوَلَّىٰ . يَوْمَ هُمْ

وَ : مَالِ هَـٰذَا ، وَالَّذِينَ ، هَـٰؤُلَآ   تَحِينَ : فِي الْإِمَامِ صِلْ ، وَوُهِلَا

وَوَزَنُوهُمْ ، وَكَالُوهُمْ صِلِ   كَذَا مِنَ : الْ ، وَيَا ، وَهَا ، لَا تَفْصِلِ

[بَابُ التَّاءَاتِ]

وَرَحْمَتُ الزُّخْرُفِ بِالتَّا زَبَرَهْ   الَاعْرَافِ رُومٍ هُودَ كَافَ الْبَقَرَهْ

نِعْمَتُهَا ، ثَلَاثُ نَحْلٍ ، إِبْرَهَمْ   مَعاً : أَخِيرَاتٌ ، عُقُودُ الثَّانِ : هَمّ

لُقْمَانُ ، ثُمَّ فَاطِرٌ ، كَالطُّورِ   عِمْرَانَ . لَعْنَتَ : بِهَا [١١] ، وَالنُّورِ

وَامْرَأَتٌ : يُوسُفَ ، عِمْرَانَ ، الْقَصَصْ   تَحْرِيمُ . مَعْصِيَتْ : بِقَدْ سَمِعْ يُخَصّ

شَجَرَتَ : الدُّخَانِ . سُنَّتْ : فَاطِرِ   كُلّاً ، وَالَانْفَالِ ، وَأُخْرَىٰ غَافِرِ

قُرَّتُ عَيْنٍ . جَنَّتٌ : فِي وَقَعَتْ   فِطْرَتْ . بَقِيَّتْ . وَابْنَتٌ . وَكَلِمَتْ

(١٠٠)
أَوْسَطَ الَاعْرَافِ . وَكُلُّ مَا اخْتُلِفْ   جَمْعاً وَفَرْداً فِيهِ : بِالتَّاءِ عُرِفْ

[بَابُ هَمْزِ الْوَصْلِ]

وَابْدَأْ بِهَمْزِ الْوَصْلِ مِنْ فِعْلٍ بِضَمّ إِنْ كَانَ ثَالِثٌ مِنَ الْفِعْلِ يُضَمّ

وَاكْسِرْهُ حَالَ الْكَسْرِ وَالْفَتْحِ، وَفِي الاَسْمَاءِ غَيْرَ (١٢) اللَّامِ كَسْرُهَا، وَفِي :

ابْنٍ ، مَعَ ابْنَتِ ، امْرِئٍ ، وَاثْنَيْنِ وَامْرَأَةٍ ، وَاسْمٍ ، مَعَ اثْنَتَيْنِ

[بَابُ الْوَقْفِ عَلَىٰ أَوَاخِرِ الْكَلِمِ]

وَحَاذِرِ الْوَقْفَ بِكُلِّ الْحَرَكَهْ إِلَّا إِذَا رُمْتَ فَبَعْضُ الْحَرَكَهْ

إِلَّا بِفَتْحٍ أَوْ بِنَصْبٍ ، وَأَشِمّ إِشَارَةً بِالضَّمِّ : فِي رَفْعٍ وَضَمّ

وَقَدْ تَقَضَّىٰ نَظْمِيَ : «الْمُقَدِّمَهْ» مِنِّي لِقَارِئِ الْقُرَانِ تَقْدِمَهْ

[أَبْيَاتُهَا قَافٌ وَزَايٌ فِي الْعَدَدْ مَنْ يُحْسِنِ التَّجْوِيدَ يَظْفَرْ بِالرَّشَدْ] (١٣)

١٠٠ + ٧ = ١٠٧

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ لَهَا خِتَامُ ثُمَّ الصَّلَاةُ بَعْدُ وَالسَّلَامُ

[عَلَى النَّبِيِّ الْمُصْطَفَىٰ وَآلِهِ وَصَحْبِهِ وَتَابِعِي مِنْوَالِهِ] (١٠٩)

* * *

[تمَّتِ المنظومةُ والحمدُ لِلَّهِ ربِّ العالمين]

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بە بەخشندەیەکەی چاکەکان تەواو بوو

سەرچاوەکان

1. حق التلاوة / حسني شيخ عثمان
2. فن التجويد / عزت عبيد دعاس
3. هداية المستفيد في علم التجويد / الشيخ محمد محمود
4. المختار المفيد في علم التجويد / امين سعيد باوزير
5. قواعد التلاوة / د. قحطان عبد الرحمن الدوري
د. فرج توفيق وليد
6. اوضح البيان في احكام تلاوة القرآن / د. محمد محمود عبد الله
7. هداية الرحمن في تجويد القرآن / الشيخ عبد الوهاب دبس وزيت
8. كفاية المستفيد في فن التجويد / الحاج محي عبد القادر الخطيب
9. رسالة في قواعد التلاوة / كمال الدين الطائي

پێرست